ڕێبوار سیوەیلی

قەفەسی ئاسنین

یان:

بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!

ڕێبوار سیوەیلی

قەفەسی ئاسنین

یان

بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!

لێكۆڵینەوەیەك لەسەر «بەعەرەبكردن»، «بەئەویتركردن» و «بەدوژمنكردن»

لە ئەبو یەقزانەوە بۆ سەددام حسێن

كوردستان 2003

بە یادی **مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی**، پێشكەش...

كتێب: قەفەسی ئاسنین، یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!
نووسەر: ڕێبوار سیوەیلی
بابەت: لێكۆڵینەوە
تیراژ:
چاپی یەكەم: سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج 2003
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی 2003ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

پێڕست

پێشەکی 7
یەکەم: ***بەعەرەبکردن*** 13
دووەم: ***خۆبەعەرەبکردن*** 23
خۆبەعەرەبکردنی هاوچەرخ 48
سێیەم: پرۆژەی بەعس: 55
بەئەویترکردن 58
دوو جۆر بەئەویترکردن 61
کورتە مێژووی بەئەویترکردن 63
چوارەم: ڕژێمی بەعس: 69
لە «**بەئەویترکردن**»ەوە بۆ «***بەدووژمن***»کردن 69
نمونەی ***کوردناسیی*** بەعسییەکان 78
پێنجەم: **بۆ ببمەوە بە «عێراقی»**!؟ 91
بیماریی هەتا مردن 107
سەرچاوەکان.. 112

پێشەکی

لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئەکادیمی ئێمەدا زاراوەی «تەعریب» یان «بەعەرەبکردن» لە برەوسەندندایە و ئامانجیش لە بەکارهێنانی بەردەوامی ئەم زاراوەیە بریتیە لە پیشاندانی سیمای رژێمی بەعس وەکئەوی لە عێراق و کوردستاندا بەرجەستە بووە. لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا هەمیشە ڕووخساری نێگەتیڤانەی ئەو رژێمە لەپێش چاو گیراوە, کە رووخسارێکی دیکتاتۆرانەی ستەمکارانەیەو بۆ ئەمەش پشت دەبەسترێ بە سەرژمێری و ناوهێنان و ئاماژەدان بەو شوێنە جوگرافیانەی کوردستان کە ئەو سیاسەتەیان بەسەردا سەپێنراوە و ئاسەوارگەلێکی فرە خراپیشی لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد جێهێشتووە.

بێگومان بەکارهێنانی زاراوەی تەعریب, بەو مانایەی باسمانکرد, بەکارهێنانێکی نوێیە و لەو هەلومەرجە سیاسی و مێژووییانەوە سەرچاوەی گرتووە, کە رژێمی بەعس لە عێراقدا سەپاندبوونی و زیاتر لەوەی هەڵگری ڕاستییەکی

مێژوویی سەلمێنراو بێت، پەرچەکردارێکی فیکرییە لە ئاست ئەو دیاردەیەدا. واتە ئەگەر مانای تەعریب لە زمانی کوردیدا «بوون بەعەرەب و بەعەرەبکردن» بگەیەنێت، ئەوە بەم مانایە پرۆسەی بەعەرەبکردن وەک ئیمتیازێک وابووە کە لە سەدەکانی ناوەندەوە و بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەشتەمی زاییندا لەلایەن نوسەرە عەرەبەکانەوە، (بەمەبەستی دەستەمۆکردن و ماڵیکردنیان) بەکورد دراوە. ئەمەش بەو مانایەی لەو مێژووەوە کەمپانیایەکی عەرەبیانەی ئیسلامیانە لەسەر دەستی مێژوونووس، جوگرافیزان، گەڕیدە و نوسەرانی عەرەب خراوەتە گەڕ بەنیازی دۆزینەوە و دروستکردنی ڕەچەڵەکێکی عەرەبیانە بۆ کورد. لە پاشانیشدا و لە ئەنجامی برەوسەندن و بەهێزبوونی ئەم کەمپانیایە لە سەدەکانی پاشتردا، گوتارێکی هێندە پتەوی داڕشتووە کە ڕەتکردنەوەی، بەتایبەتی لەلایەن کورد خۆیەوە، ئاسان نەبووە و دەسەڵاتی ئەم گوتارە ئەوانیشی گرتۆتەوە. بەجۆرێ ئەمجارەیان کوردەکان خۆیان دەستپێشخەری دەکەن لەوەی (ئەسڵ و فەسڵ) و بنچەی خۆیان ببەنەوە سەر تیرە و تایفە و بنەماڵە عەرەبییەکان. لێرەشەوە گوتاری ناوبراو لە گوتارێکی دەستەمۆکەری دەرەکییەوە کە ئاراستەی کورد کراوە؛ دەگۆڕێ بۆ گوتارێک کە توێژە باڵاکانی کورد؛ لە پێناوی مانەوە و خۆگونجاندندا قەبووڵی دەکەن و ئیدی پرۆسەی بەعەرەبکردنیش دەگۆڕێ بۆ **خۆبەعەرەبکردن**. بەجۆرێ کە

ئەمەی دواییان وەک ئیمتیازێکی لێدێت کە کورد هەوڵیداوە لە ڕێگەی شانازیکردن بە ڕەچەڵەکی عەرەبیانەی خۆیەوە، بەدەستی بهێنی.

«تەعریبی بەعس»، بە پێچەوانەی بیروڕای باوی توێژەر و ئەکادیمی و سیاسیە کوردەکان و ڕاگەیاندنی ڕەسمیی کوردییەوە، بەهیچ شێوەیەک ناچێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە و کارێکیش کە ڕژێمی بەعس لە عێراقدا کردوویەتی؛ نە بە مەبەستی ماڵیکردن و دەستەمۆکردنی کورد بووە (وەکئەوەی عەرەبە مسوڵمانەکانی سەرەتا هەوڵیان بۆ دەدا) و نە لە پێناوی ئەوەشدا کە ئیمتیازی بەعەرەبوونیان بداتێ تا شانازی بە ڕەچەڵکی خۆیانەوە بکەن (وەکئەوەی کوردەکان دەیانویست بیکەن). کارێک کە بەعس پڕۆژەی بۆ دارِشت و بەشێکی زۆریشی لێ بەئەنجامگەیاند، لە پرۆسەی بەعەرەبکردن و خۆبەعەرەبکردنی تێپەڕاند و هەردوو ئەو گوتارەی لە بناخەوە هەڵوەشاندەوە. ئەگەرچی چنینێکی هاوبەشیش هەیە لە نێوان بەعەرەبکردنی سەرەتا (کە شتێکی مەعنەوی بوو و زیاتریش لەسەر کاغەز بەرجەستە دەکرا) لەگەڵ کارێکدا کە بەعس لەسەر عەردی واقیع جێبەجێیکرد و دەکرێ لە ئێستادا ناوی بنێین بە «ئەویترکردن» و ئەمەش هەنگاوێکی سەرەکیی بوو بۆ بە «دوژمنکردن»ی کورد لە لایەن بەعسییەکانەوە تا ڕێگەی لەناوبردنیان خۆشبکات.

بۆیە ئەو خاڵەی من لە باسەدا بەرگریی لێدەکەم ئەوەیە: بەعس، بەو مانا هاوچەرخەی لە لایەن کورد خۆیەوە بەکار دەهێنرێت، ئیمەی بە عەرەب نەکردووە؛ بەڵکو ئەمە ناونانێکی هەڵە و شێوێنەرە بۆ ئەو کارە و پێویستە تراژیدیای کوردی لە ستەمکاریی ئەو هێز و ڕاگەیاندن و سیاسی و ئەکادیمیە سادەبیرانە وەربگرینەوە، کە بیانەوێت و نەیانەوێت بەو ناولێنانە پۆزەتیڤانەیان لە پڕۆژەی بەعس، خزمەتێکی زۆر بە مانەوەی وێنەیەکی باش لەسەر ئەو ڕژێمە دەکەن. بێگومان ئەمەش سیمایەکی تری ئەو خۆبەعەرەبکردنە مێژووییەی کوردە و خەسڵەتێکی ئەو دەستەو گرووپانەیە کە بەدرێژایی دوازدەساڵ حوکمی خۆبەڕێوەبردنیش، نەیانتوانی و نەیانهێشت وێنەی دوژمنێکی ڕاستەقینە و دژ بە مانەوەی کورد وەک مرۆڤ، لەسەر ڕژێمی بەعس بهێنرێتە دی و تەنانەت بەکارهێنانی وشەی «بەعس»یشیان لەڕاگەیاندندا یاساخکردبوو..

بەر لەوەی بێمە سەر باسکردنی جەوهەری پڕۆژەی بەعس لە عێراقدا، واتە پڕۆژەی «بەئەویترکردن» وەک هەنگاوێک بۆ «بەدوژمنکردنی کورد»، سەرەتا بە کورتی و پوختی باس لە هەردوو پرۆسەی بەعەرەبکردن و خۆبەعەرەبکردن دەکەم و هەوڵدەدەم لەسەر هۆکارەکانیان بدوێم. ئەوەی مەبەستی منە ئەوەیە بزانم ئەم دوو پرۆسەیە چیدەڵێن و بکەرەکانیان چۆن بیریانکردۆتەوە و لە کوێدا ئەو بیرکردنەوەیەی ئەوان لە ئێستاشدا بەردەوامیی هەیە.

له ڕووی میتۆدیەوه، هەوڵمداوه له توێژینەوەی مێژووییەوه بەرەو شرۆڤەکردنی ئایدیاکانی ناو ئەو مێژووه و لەوێشەوه بۆ پرسیاری فەلسەفی له خود و شوناسی خودی کوردی پەل بکێشم. بۆیه ئیشکردنی من ئەوەندەی بەکێشەکردنی نەبوونی خودی کوردیه لەناو مێژوودا، ئەوەنده گەڕان و ساخکردنەوەی ڕەچەڵەکدۆزیی کورد نیه. بەمانایەکی تر: ئەوەندەی من سەرقاڵی ئەو ئایدیایانەم که لەناو مێژوودا سەبارەت به ڕەچەڵەکی کورد بەرهەمهاتوون و ئاشکراکردنی ئەوەی له ئێستادا چ ئەنجامێکیان بۆ خودی کوردی بەدەست هێناوه، ئەوەنده خەریکی بەرپەرچدانەوه و ساخکردنەوه و بەدرۆخستنەوەی ئەو ڕەچەڵەکه سەپێنراوانه نیم که له مێژوودا بۆ کورد بەرهەمهاتوون. ئەمەش ئەوه دەگەیەنێت که من لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدوای کەشفکردنی بابەتێکی دەست لێنەدراوی مێژوویدا نەڕۆیشتووم، بەڵکو سەرلەنوێ ئەو بابەتەی که پێشتر ئاشکرا کراوه، لەڕوانگەی ئێستاوه تەئویل دەکەمەوه و گەرەکمه بۆ تێگەیشتن له هەنووکه سوودی لێوەربگرم.

ئەگەر خوێنەر فیلمی (نەخۆشه ئینگلیزەکه: *The English patient*)ی بینیبێت[1]، بێگومان ئەو دیمەنەی له یاده که تیایدا (کاترینا) بەدیار ئاگرەکەوه چیرۆکی ئەو پیاوه دەگێڕێتەوه

[1] Den engeliske patient, Lindhardt og Ringhof, 1997, p 25.

که ناچار بووه فەرماندەکەی خۆی بکوژێت. کاترینا ئەم چیرۆکەی له کتێبی ***مێژووی*** (هیرۆدت)ی یۆنانیەوه وەرگرتووه و بۆیەش دەیگێڕێتەوه تا بەهۆیەوه له ژیان و سەردەمی خۆی تێبگات و دووباره تەئویلی بکاتەوه. وەلێ لەو فیلمەدا کتێبەکەی هیرۆدۆت بۆ نەخۆشه ئینگلیزەکه (گرێڤ ئالماسی) ڕابەرێکی بێ نموونەی گومان لێنەکراوه و هەمیشه لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕێت و به کەشفکردن و سەرنجەکانی خۆی دەوڵەمەندی دەکات. ئەم دوو مرۆڤه هەردووکیان به دوو شێوەی جیاواز مێژوو دەخوێننەوه: کاترینا بەمەبەستی ئەوەی زیاتر به ئێستای خۆی و سەردەمەکەیدا ڕۆچێت و پەیوەندییەکی هەنووکەیی لەگەڵدا چێبکات. بەڵام نەخۆشه ئینگلیزەکه بەمەبەستی دوورکەوتنەوه له ئێستا، خۆی لەناو کتێب و بەسەرهات و حەکایەته مێژووییەکاندا نغرۆ دەکا و هەر ئەوەش دەبێته چارەنووسی بەبێ ئەوەی له ئێستای سەردەمەکەی خۆی تێبگات.

ڕەوتی مێژوونووسی له وڵاتی ئێمەدا، پتر مامەڵەکردنه لەگەڵ مێژوو بەو جۆرەی نەخۆشه ئینگلیزەکه دەیکات. لەکاتێکدا ئێمه پێویستیمان بەوەی دووەمیانه. هیوادارم ئەم نامیلکەیه هەنگاوێک بێت بەو ئاراستەیەدا.

سەرەتا ئەم باسه له کۆڕێکی (بنکەی کاوەی ڕۆشنبیری) له هەولێر و پاشانیش له کۆڕێکی زانکۆی سلێمانیدا پێشکەشکرا و کەسانێکی زۆر سەرنج و ڕەخنەی جیدیان

لێگرتم. وێڕای سووپاسم بۆ هەموو ئەو کەسانە، هیوادارم ڕەنگدانەوەی ڕەخنەکانیان لەم دەقەی ئێستادا ببیننەوە. لەگەڵ ئەوشدا ئەمکارە بەم شێوەیەی ئێستای مەیسەر نەدەبوو ئەگەر هەریەک لە هاوڕێیانم: *جەبار جەمال غەریب*، *موسڵح ئیروانی*، *مراد حەکیم* و بەتایبەتیش *حەیدەر لەشکری* بەسەرنجی ڕەخنەگرانەی خۆیان بابەتەکەیان دەوڵەمەند نەکردبا... سووپاسی یەکبەیەکیان دەکەم.

یەکەم: بەعەرەبکردنی کورد

وەک ئاماژەم پێدا، پرۆسەی بەعەرەبکردن کەمپانیایەکی عەرەبیانەی ئیسلامیانەیە و لە سەدەی هەشتەمی زایینییەوە و لەسەر دەستی مێژوونووس، جوگرافیزان، گەڕیدە و نووسەرانی عەرەب، بەمەبەستی سازدان و دروستکردنی ڕەچەڵەکێکی عەرەبیانە بۆ کورد، خراوەتەگەڕ. یەکەمین کەسێ لەمبارەیەوە دوابێت سەحیم کوڕی حەفس ناسراو بە «ئەبو یەقزان 190 کۆچی/805 ـ 806ی زایینی»ـە کە دەبێت لە چەند نووسراوێکی بێسەروشوێنیدا یاداشتی کردبێت و پاشانیش نوسەرانی دیکەی پاش ئەو هەمان شتیان دووبارە کردبێتەوە. بە بڕوای ئەبو یەقزان دەبێت «**باپیرە**

هەرەگەورەی کوردان کوردی کوڕی کوڕی عەمری کوڕی عامری کوڕی سەعسەعە» بێت[2].

ئەم ڕەچەڵەک دانەپاڵەی ئەبو یەقزان، بەهەندێ گۆڕانکارییەوە لەلایەن کەسانی ترەوە، لەوانەش مێژوونووسی بەناوبانگ «مەسعودی» دووبارە کراونەتەوە. مەسعودی لە بەرهەمێکیدا نوسیویە: «**هەندێک لە کوردانی پاشتر، لە شارەزاکانیان ـ ئەوانەیان کە ئێمە لەو وڵاتانەی ناومان هێنان و بینیومانن ـ لەسەر ئەوە دەڕۆن کە ئەوان لە بنەچەی کوردی کوڕی مەردی کوڕی سەعسەعەی کوڕی حەربی کوڕی هەوازنن**»[3]. بێگومان ئەم بیروڕایانە و ئەوەکانی پاشتریش هەموویان لە دژی بەرژەوەندی کوردەکان بوون و هەوڵدانێکی شێلگیر بوون بۆ دروستکردنی قەفەسێکی ئاسنین کە پاشان کوردیش بۆخۆی لەسەر دەستی میر و سەرداران و پادشاکانی، لەوانەش ئەییوبییەکان، بووە نێچیرێکی ناوی و هاتنە سەر ئەو بڕوایەی نکوڵی لە عەرەببوونی خۆیان نەکەن[4]. میر و پادشا و خاوەن بنەماڵەکانی کورد دوای ئەوەی لە پانتایی عەرەبی

[2] ئارشاک پۆلادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا***. وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد ساڵح. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2000، ل 153.

[3] المسعودي: ***التنبيه والاشراف***، بيروت –1981 ص 94.

[4] ئارشاک پۆلادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا***. ل 160–161.

ـ ئیسلامیدا دەستەمۆ و خۆماڵی دەکرێن، هەوڵدەدەن بچنە نێو ئەو قەفەسەی بۆ ئەو سەردەم ئازادیبەخش بوو و تێیدا دەیانتوانی قسان بکەن، هەرچەندە ئەمڕۆ وادێتە پێشچاو کە ئەو گوتارە کۆنترۆڵکەر بووە و سەرنشینەکانیشی بە وێنەی تووتییەک لێکردووە کە لەقەفەسەکەشدا هەمان ئەو شتانە بڵێنەوە کە بۆی ئاراستە کراون!

کەواتە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی عەرەبی ـ ئیسلامیانەیە و پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەو تێکەڵبوون و نزیکبوونەوەیەی لە دوای دامەزراندنی سیستەمی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی دەستیپێکردووە و برەوی سەندووە، بەتایبەتیش کاتێک زۆربەی کوردەکان لە هەردوو سەدەی دەیەم و یازدەهەمدا ئیسلام ببوون یان بە ئیسلام کرابوون[5]. لێرەشەوە پرۆسەی بە عەرەبکردن چەندە پرۆسەیەکە لە باوەشی ئایینەوە سەردەردەهێنێت و قورئان ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ بەرزڕاگرتنی نەتەوە و زمانی عەرەبی و لێرەشەوە فەزلێ ئەوانی داوە بەسەر میللەتان و زمانەکانی تردا[6]؛ ئەوەندەش پرۆسەیەکی سیاسیانەیە کە لەلایەن

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 172.

[6] لێرەدا هەندێ لەو ئایەتە قورئانیانە دەهێنمەوە کە پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکەن و ڕێگەمان پێدەدەن ئەو پرۆژەیە وەک پرۆژەیەکی عەرەبیی ئیسلامی لەقەڵەم بدەین. ئەمەش بەوەی کە مێژوونووس، فوقەهائەکان و زانا عەرەبە مسوڵمانەکان، بە درێژایی مێژوو و بە پشتبەستن بە قورئان و پاشانیش لەژێر ڕۆشنایی ئەم کتێبە ئاسمانیەدا، چەندینجار فەزڵی عەرەبیان بەسەر میللەتانی دیکەدا داوە و ئەمەشیان بەکارهێناوە بۆ گەورەکردنی «من» عەرەبی و

دەستەمۆکردن وماڵیکردنی شوناسەکانی دی لەژێر سێبەری ئەم شوناسەدا. ئەمە جگەلەوەی ویستویانە لەم ڕێگەیەوە ناسنامەی ئیسلام پەیوەست بکەن بە ناسنامەی عەرەبییەوە. سەرەتا ئایەتەکان و پاشان دەقە کوردیەکەیان لە وەرگێڕاوە کوردییەکەی عبدالرحمن شەرەفکەندی (هەژار)ی موکریانییەوە، دەگوێزمەوە و ئەمجا تایبەتمەندی ئایەتەکان دەنووسمەوە:

1- **وكذالك انزلناه حكماً عربياً**. (ئێمە ئەم فەرمانەی خۆمان بە عەرەبی بۆ تۆ هەنارد). لە ئایەتی 37، سورەی **الرعد**.

2- **و كذالك اوحينا اليك قرآناً عربياً**. (هەروەهاینە قورئانێکی عەرەبیمان بۆ تۆ هەنارد). لە ئایەتی 7، سورەی **الشور**.

3- **حم* والكتاب المبين* إنا جعلناه قرآناً عربياً لعلكم تعقلون***(حا، میم. بەم کتێبە کە هەمو شت نیشان دەدا. بڕیارماندا ئەم قورعانە عەرەبی بێ؛ بەشکو بتوانن تێبگەن.) ئایەتەکانی 1–3، سورەی **الزخرف**.

4- **قرآناً عربياً غير ذي عِوج لعلهم يتقون.** (قورئانێکە بە عارەبی و خێچ و خواری تێدا نیە.) ئایەتی 28، سورەی **الزمر**.

5- **ولقد نعلم أنهم يقولون إنما يعلمه بشر لسان الذي يلحيدون إليه أعجمى و هذا لسان عربي مبين.** (ئێمە ئەوە باش دەزانین ئەوان ئێژن: بنیادەمێ فێری دەکا. ئەوکەسەی ئەو نیازیانە لە عارەبی دا کۆڵیەو ئاشکراشە کە زمانی ئەم قورئانە بەعارەبی یەکی ڕەوانە.) ئایەتی 103، سورەی **النحل**.

6- **ولو جعلناه قرآناً اعجمياً لقالوا لولا فصلت آياته أأعجمى و عربى**. (گەر ئێمە ئەم قورعانەمان بە عەجەمی بناردایە، دەیانگوت: چۆن نیشانی بەڕونی شی نەکراونەتەوە؟ خۆی عەرەبە و نیشانەکانی عەجەمین.) لە ئایەتی 44، سورەی **فصلت**.

7- **كنتم خير أمةٍ أخرجت للناس**. (ئێوە چاکترین کۆمەڵن لە ناو مەردمی دنیادا سەرو هەڵدا.) لە ئایەتی 110، سورەی **ال عمران**.

بۆ دۆزینەوەی ئایەتەکان سوودم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە:

– رضوان السيد: ***مفاهيم الجماعات في الاسلام***(دراسات في السوسيولوجيا التاريخية للاجتماع العربي الاسلامي). بيروت 1993، ص 126-127.

هەلومەرجی بابەتیی ئەو دەمەی سیستەمی خەلافەتەوە بەسەر کوردا سەپێنراوە. دەکرێت ئەمە وەک هەوڵدانێکی عەرەبە مسوڵمانەکان بۆ دروستکردنی پردی پێکەوە ژیان لەگەڵ کوردەکاندا؛ بەتایبەتی کاتێک وڵاتی کوردان یەکەمین مەڵبەندی ناعەرەبی بووە لەبەردەم سوپای فەتحکەری ئیسلامدا، تەماشا بکەین[7]. هەروەها لە ڕوانگەی عەرەبەکانەوە بڕوایەکی پتەو هەبووە بەوەی کە دەبێت «**کۆششی بەکوڵ بکەن تا کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن**»[8].

هۆکارەکانی ئەم دیاردەیەش لەوەدا بەرجەستە کراون کە: هەرچۆنێک بووە نابێت کورد لەناو سیستەمی خەلافەتدا ببێتە درێژکراوەی ڕەگەزی فارس و تورک، کە هەریەکەیان تا ئەوکاتە بە ڕێژە و قورساییەکی زۆرەوە دزەیان کردبووە ناو دامودەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەت و تا دەهات کاریگەرییان لە پلەوپایە سەرەکییەکاندا پتر دەبوو[9]. ئەمەش بەتایبەتی کە سیستەمی ناوبراو لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی ساڵی 750ی زایینی، باری پشێوی

- عبدالرحمن شرفکندی«هەژار» (وەرگێڕ): ***قورئانی پیرۆز***. ناشرین: انتشارات تازە نگاه، نشر احسان، تهران، بەبێ ساڵی چاپکردن.

[7] حکیم احمد مام بکر: ***الکرد و بلادهم عند البلدانیین و الرحالة المسلمین*** (232-626هـ/846-1229م), رسالة دکتوراه 2003م، ص 216.

[8] ئارشاک پۆڵادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا***. ل 174.

[9] ئارشاک پۆڵادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا***. ل 173.

بەخۆیەوە دەبینی و عەباسییەکان ئەگەری سەرهەڵدانی گەلێ بزووتنەوەی میللییان هەست پێدەکرد[10].

ئا لێرەشدا دوو خاڵمان دێتە دەست. یەکەمیان ئەوەیە کە پێماندەڵێت بەئیسلامبوونی کوردەکان نەبۆتە گەرەنتێک تا دەسەڵاتدارانی خەلافەت بڕوایان پێبکەن و لێیان دڵنیابن، کە لەبارودۆخی گونجاودا لە دەسەڵات هەڵناگەڕێنەوە، بەتایبەتیش ئەوان دەیانزانی کوردەکان زۆر ملیان بۆ دەستدرێژی گەلانی تر شۆڕ ناکەن و لە کاتی پێویستدا سڵ لەوە ناکەنەوە بە گژیاندا بچنەوە. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو لۆژیکەوەیە کە فوقەهائەکان لە چوارچێوەی «دار الاسلام»دا کاریان پێدەکرد و بەپێی مەبدەئەکانی ئەو لۆژیکەش دەبوو ئینتیما ڕیشەیی، کولتووری و جوگرافیەکان وەلا بخرێن، چونکە ئایینی ئیسلام هیچ مەرجێکی بۆ ڕەگەز و عەقیدە دانەنابوو. واتە جیاوازیی ڕەگەزی میللەتان نەدەبووە ڕێگر لەبەردەم یەکبڕواییاندا و ئەم دوانە یەکتریان ڕەتنەدەکردەوە[11]، کەچی ئەم مەبدەئە سەبارەت بە کورد پراکتیزە ناکرێت و وێڕای مسوڵمانبوونەکەی، ڕەچەڵەکێکی عەرەبیانەشی بۆ دروستدەکرێت.

---

10 هەرئەو سەرچاوەیە، ل 173–174.

[11] د. عبدالله ابراهیم: ***المرکزیة الاسلامیة، صورة الاخر في المخیال الاسلامي خلال القرون الوسطي***. المرکز الثقافي العربي, بیروت2001، ص 14.

دووەم خاڵ ئەوەیە کە پێماندەڵێت: وێناکردنە بەراییەکانی عەرەب بۆ کورد پەیوەندییان هەبووە بەو قەیرانی ناسنامەیەوە کە عەرەبەکان لەسەر ئاستی سیاسی دووچاری ببوون و خۆی لە ڕووخانی ئەمەویەکان و پاشتریش لە ترازان و هەڵوەشانەوە بەردەوامەکانی دەسەڵاتی عەباسیدا دەبینییەوە[12]. کەواتە وێناکردن بۆ ئەویدی، هەروەک وێنای یەکەمی عەرەب بۆ کورد، وێناکردنێکە لە ئەنجامی جۆرێ لە قەیرانەوە هاتووە و ئەم وێناکردنەش بۆ ئەوەیە خاڵی لێکچوون دروستبکات نەک خاڵی جیاکەرەوە و دابڕکەر. ئامانجیشی ئەوە بووە لە ڕێگەی دەستپێشخەریکردنەوە بۆ یەکخستنی ڕەچەڵەک، بوار بۆ کورد نەهێڵێتەوە وەک ڕەگەزێکی جیاواز لە عەرەب بیر لە ناسنامەی خۆی بکاتەوە. بەتایبەتیش کە عەرەبەکانی بەرایی گرنگییەکی تەواویان بە ڕەچەڵەکدۆزی دەدا و بەلایانەوە ڕەچەڵەک «ناسنامە»ی کەسەکانی دەستنیشان دەکرد[13].

لەکاتی قسەکردنماندا لەسەر پرۆسەی بە ئەویترکردنی کورد لەلایەن بەعسەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەم دوو خاڵە چەندە بە زیندوویی جارێکی دی سەرهەڵدەدەنەوە و

---

[12] ئارشاک پۆڵادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا***. لاپەڕەکانی 43و 56-104.

[13] حکیم احمد مام بکر: ***الکرد و بلادهم عند البلدانیین و الرحالة المسلمین*** ص 214.

لێرەشەوە بەعسییەکان تا چەندە لە هەمان بەدگومانیی عەرەبەکانی سەرەتا، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە بەرامبەر بە کورد، دادەڕێژن و کوردناسییەکی بەعسیانەی شۆڤێنی لە کەلەپووری عەرەب بەرهەمدەهێنن. بێگومان ئەمەش بەو جیاوازییەوە کە بەعەرەبکردنی بەرایی پرۆژەیەکی تیوری و لە ئەنجامی ترس و بەدگومانییەکەوەیە بەرامبەر بە کورد، وەک نزیکترین میللەتێکی شەڕکەر لە دەسەڵاتی خەلافەتەوە. لەکاتێکدا «بەئەویترکردن» لەلای بەعسییەکان پرۆژەیەکی کۆنکرێتی بوو کە دەبا لەسەر عەردی واقیع جێبەجێ بکرێت و سڕینەوەی کوردیش ئامانجی هەرە سەرەکیی بوو. ئەگەر پرۆژەی یەکەم جۆرێک بوو بێت لە قووتدان و شاردنەوەی کورد لەناو گەرووییەکدا کە پێشتر بە پرۆسەیەکی دووردرێژی فەتحکردندا تێپەڕیبوو، ئەمەش لە ئاستی سایکۆلۆژیدا «من»ێکی هەڵاوساوی عەرەبیی دروستکردبوو، کە توانای قووتدان و شاردنەوەی کوردی هەبێت؛ ئەوە پرۆژەی بەعسییەکان هەڵهێنانەوە و تووڕدانەوەی کوردبوو لە پێناوی پاراستنی «من»ێکی عەرەبیانەی «خاوێن»دا کە ڕەگەز پەرستییەکەی بواری نەدەدایێ قەبووڵی هەبوونی کورد لەبەرامبەر خۆیدا بکات. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە لە هەردوو بارودۆخ و قۆناغدا، کورد لەناو هەمان یەکەی ئایینیدایە کە ئایینی ئیسلامە. واتە کوردیش لەسەر ئاستی باوەڕهێنان بەو بەها ڕۆحی و ئەخلاقی و عەقیدەییانەی لە قورئانەوە

سەرچاوەیان گرتبوو، لەگەڵ عەرەبەکاندا یەکسان بوو. ئەو یەکسانیەی وایکرد کورد بێتە بەشێک لەو پانتاییەی ئیسلام بۆخۆی داگیری کردبوو و ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی بەشداریی کولتوریانەی کورد لە چوارچێوەی ئەم پانتاییە و بەپێی بەها ڕۆحی و ئەخلاقی و عەقیدەییەکانی ئەو پانتاییە بێت.

هەرچۆنێک بێت بەعەرەبکردنی کورد وەک پرۆسەیەکی تیۆریی و وەک قەفەسێکی ئاسنین، لە ڕوانگەی عەرەبە مسوڵمانەکانەوە هەوڵدانێک بووە بۆ دەستەمۆکردن و خۆماڵیکردنی کورد (کورد بەهی خۆکردن). هەروەها بەخشینی جۆرێک لە دڵنیایی بووە بە هێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە ورووژاندن و تەرەکردنی لەبەرژەوەندیی ئەوکاتەی دەوڵەت و خەلافەتدا نەبووە. ئەمە جگە لەوەی دابەشکردنێکی ڕەمزیانەی «ڕەچەڵەکێک» بووە لەگەڵ کورددا؛ کە تا دەهات ئەو ڕەچەڵەکە پیرۆزیی خۆی لە ئایینی ئیسلامەوە وەردەگرت و لە بنەچەیەکی ئیسماعیلی (المستعربە) و قەحتانی (العاربە)ـەوە دەگۆڕا بۆ بنەچەیەکی عەرەبیی ئیسلامیانەی پیرۆز[14].

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەوەیە، کە دابەشکردنی ئەم پیرۆزییە لەسەر ئاستی ڕەچەڵەک، لەگەڵ کورد، پێچەوانەی گوتاری سەدەکانی ناوەڕاستی عەرەبە لە ئاست

[14] ئارشاک پۆلادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا***، ل 154–155.

میللەتانی دیکەی دەرەوەی «دار الاسلام»دا، کە گوتارێکی ڕووتکەرەوە بوە و لەسەر داماڵین و شێواندن و پیسکردنی خەسڵەتی پیرۆزیی لە هەموو «ئەوەکانیتر»ی دەرەوە ئیشیکردووە[15].

[15] د. عبدالله ابراهيم: ***المركزية الاسلامية***، ص 11–13.

دووەم: خۆ بەعەرەبکردن

ئەگەر بە مانایەک لە ماناکان بەعەرەبکردن بریتیبێت لە ئیمتیازێک، کە عەرەبەکان لە ساتێک لە ساتەکانی قەیرانی ناسنامەی سیاسیی خۆیاندا دەیدەنە کورد و وەک ئامرازێک بۆ دەستەمۆکردن و کپکردنەوەی ئەگەری ناڕەزاییەکانی ئەمەی دواییان بەکاری دەهێنن؛ ئەوە خۆ بەعەرەبکردن تەسلیمبوونی کوردە بەو گوتارە و بەکارهێنانیەتی بۆ خۆگونجاندن و دابینکردنی شوێنی خۆی لەناو گوتاری یەکەمدا. وەلێ دەبێت گوتاری یەکەم چەندە بەهێز و گشتگیر بووبێت تا کورد بخاتە ناو ئەو قەفەسە ئاسنینەوە و بیهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە چێژ لە بەعەرەبکردنی خۆی وەربگرێت؟ دەبێت پرۆسەی بەعەرەبکردن چ ئاسۆیەکی بۆ ئەوسای کورد دەستنیشان کردبێت، تا کوردیش خۆبەعەرەبکردن وەک تاکە دۆخی مانەوەی خۆی قەبووڵ بکات و بگرە شانازیشی پێوە بکات؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو گریمانەیەیە کە دەڵێت: ***بەعەرەبکردن پێشمەرجە بۆ خۆبەعەرەبکردن و یەکەمیان خەونێکە ئەویتر دەیبینێ و دووەمیشیان وەدیهێنەری ئەو خەونەیە***. ئەگەر کورد نەکەوتبا باوەشی پرۆسەی خۆ بەعەرەبکردنەوە، ئەوە پرۆسەی بەعەرەبکردن هەرگیز مانایەکی نەدەبوو. چونکە ئەگەر بەعەرەبکردن بریتیبێت لەو ناسنامەیەی عەرەب بە کوردی بەخشیوە تا خۆی نەبێت، ئەوە خۆ بەعەرەبکردن دەستهەڵگرتنی کورد بووە لە خودی خۆی و جۆرێک بووە لە خۆ خاڵیکردنەوە لەهەموو ئەو

مانایانەی کوردبوونی ئەویان بەو مانایەی لەو سەردەمەدا باو بوو، پێکدەهێنا. یاخود دەتوانین بڵێین، ئەگەر خۆبەعەربکردن جۆرێک لە «هاوگونجاندنی» دروستکردبێت، ئەوە نەگونجاوترین جۆری ناسنامەی بەخشیوەتە کورد و ئەمیش قەبووڵیکردووە. چونکە ئاشکرایە بە خاڵیکردنەوەی کورد لە ناسنامەی خۆی هەموو ئەو زەمینەیەش بە بەتاڵی دەمێنێتەوە کە شوناس تیایدا دەخەملێت. شوناس لەو زەمینەیەدا گەشە دەکات کە ئازادیی پرسیارکردن لە ئارادا بێت و یەکێکیش لەو پرسیارانە پرسیاری خودە لە خۆی و لە جیهانی دەوروبەری خۆی. بەڵام کاتێک خود لە خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە، ئەوە هەموو ئەو پرسیارانەش بێدەنگ دەکرێن کە پەیوەندیی خود بە خۆی و بەجیهانی دەوروبەرییەوە دیاری دەکەن. بۆیە ئەگەر بەعەرەبکردن لە ڕوانگەی نەخشەداڕێژەکانییەوە جۆرێک لە ئیمتیاز بووبێت، ئەوە ئەم ئیمتیازە دیاریی ستەمکارێکە بۆ بەرامبەر تا لە خودێکی سەربەخۆوە بیکاتە خودێکی ملکەچ، خودێک کە لە پێناوی مانەوەی خۆی و گەورەکردنی ستەمکاردا، خۆی بە کۆیلە دەکات و هەموو خۆ بەکۆیلەکردنێکیش پێگە و مانەوەی ستەمکار بەهێز دەکات[16].

[16] لەمبارەیەوە بگەڕێوە بۆ: ئاتین دولابوتی: ***سیاست اطاعت*** (رسالەای درباره بردگی اختیاری. ت. علی معنوی. تهران نشر نی، 1378.

بەسەرهاتی ئەم پەیوەندییەی کورد لە ئاست شوناسی خۆبەعەرەبکردندا چیرۆکێکی دوورودرێژە و تا ئیستاش بەردەوامە. وەلێ بە پێچەوانەی چیرۆکە باوەکانەوە، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە (کە میر و سەردار و پادشا و دەسەڵاتدارە کوردەکانن)؛ لەمیانەی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا خۆی دروست ناکات و گەشە بە کەسێتی خۆی نادات، بەڵکو بەردەوام کەسبوونی خۆی لەدەست دەدات و ئەویتر بەرجەستەدەکات. هەمیشە خۆی بچووک دەکاتەوە و ئەویتر گەورە دەکات. هەردەم دەکشێتە دواوە و ئەویتر دەهێنێتە جێگەکەی خۆی. بەردەوام خۆی بێدەنگ دەکات و لێدەگەڕێ ئەویتر لەجیاتی ئەم قسان بکات و ...

یەکەمین دەرکەوتەکانی خۆبەعەرەبکردن خەسڵەتێکی مێژووییان هەیە و لەناو هەلومەرجێکی بابەتیانەوە فەرز دەکرێن، بەڵام هێدی هێدی لە میانەی ڕەوتی مێژوودا؛ بۆ کورد دەبنە خەسڵەتی دەروونی و لە ناخیدا جێگیر دەبن و خۆ بەکەمزانی و شەرم و ترس و سنگفراوانییەکی ساختە بەرهەمدەهێنن کە بەهۆیەوە بەردەوام «من»ی کوردی تاراوگە دەکرێت و مافی خودبوونی خۆی لە دەست دەدات. دەبێتە کائینێکی بێ خود بۆ ئەویتر و لەخزمەت ئەویتر و هەڵقە لە گوێی ئەویتر، کە بێگومان هەموو ئەمەش لە قۆناغی جیاوازدا و بە شێوەی خۆی و بە پاساوی تایبەت ئاراستە دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێ ئەوەیە: هەرچەندە یەکەمین ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە بە ڕووداوی خۆبەعەرەبکردنی کورد دەستپێدەکات، بەڵام کاتێک ئەم پرۆسەیە دەبێتە خەسڵەتی دەروونی و لە ناخدا جێگیر دەبێت، ئیدی زەمینەسازی دەکات تا کورد لە ئاست هەر لایەنێکی تردا دەست لە خودبوونی خۆی هەڵبگرێت. واتە *خۆبەعەرەبکردن لەئاستی دەروونیدا* ڕێگە خۆشکەر بووە *تا کورد لە ئاست هەر ئەوێکیتردا دووچاری هەمان خۆبەکەمزانی ببێت و ئەویتر زۆر لەوەی کە هەیە گەورەتر بکات.*

خاڵێکی دی کە نابێت بەلایدا تێپەڕ ببین ئەوەیە، کە پێماندەڵێت دیاردەی خۆبەعەرەبکردن دیاردەیەکی گشتگرەوەی ناو ئەو جوگرافیایە نەبووە کە کورد تیایدا ژیاوە، یاخود بەلای کەمەوە سەرچاوەکان بەو جۆرە باسی ناکەن. بەڵکو ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم دیاردەیە تایبەت بووە بەو چین و توێژە خاوەن دەسەڵاتە کوردانەی کە لەکاتی ڕەچەڵەک بردنەوەسەر و پەسەندکردنی ئەوەی ئەوان بە ڕەچەڵەک عەرەبن، هەستیان بە بەرژەوەندی خۆیان کردووە و یەکەمین گرووپێکن کە ویستبێتیان خۆیان لەناو قەفەسە ئاسنینەکەدا ببیننەوە. سەرچاوەکان باس لەم دیاردەیە وەک دیاردەیەکی سەراپاگیری ناو کۆمەڵگای ئەوسای کورد ناکەن، بەڵکو باس لەو سەردار و پادشا و میر و خاوەن دەسەڵاتە کوردانەی کۆن دەکەن، کە نەیاندەویست

بۆ مانەوەی خۆیان ئەم هەلەیان لەدەست دەربچێت. لێرەوە زۆر سەیر نیە کە لە ئێستاشدا گەڕانەوەی خۆبەعەرەبکردن بە شێواز و پاساوەکانی ئەم سەردەمە، هەر لەناو ئەم چین و توێژانەوە سەریهەڵداوەتەوە و لە شوێنێکی دیکەدا، بە کورتییش بێت، دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە.

یەکێک لەدیارترین ئەو بنەماڵە کوردانەی کە گومان لە ڕەچەڵەکی کوردبوونیان نەکراوە و زانیاری ئەو سەرچاوانەش کە گەلانی دراوسێی کورد نووسیویانن ئەمە دووپات دەکەنەوە، ئەیوبییەکانن[17]. ئەگەرچی هەر لە کۆنەوە زۆر لە نووسەران لە ڕەچەڵەکی کورد بوون، یان عەرەببوونی ئەم بنەماڵەیەیان کۆڵیوەتەوە، وەلێ دواجار هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەسڵی ئەو بنەماڵەیە کوردن و لە هۆزی «ڕەوادی»ین[18]. ئارشاک پۆلادیان لە کتێبەکەیدا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە لێکۆڵەرەوەکان؛ وێڕای زانین و تەباییشیان لەسەر کوردبوونی ئەیوبییەکان، کەچی لە هەوڵدانیش نەکەوتوون بۆ بردنەوەی ڕەچەڵەکی ئەو بنەماڵەیە بۆسەر ئەو یان ئەم

[17] لەمبارەیەوە ئارشاک پۆلادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا***، ل 160ئاماژە دەکات بە کتێبەکەی نووسەری ئەرمەنی کیراکوس کانتساگیتی: ***مێژووی ئەرمەن***، یەریڤان، 1961، ل 150. هەروەها بڕوانە واسیلی نکیتین: ***کورد و کوردستان***. وەرگێڕانی خالید حسامی(هێدی)، هەولێر 1998، ل 517 و بەرەو دوا.

[18] ئارشاک پۆلادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا***. ل 160.

هۆزی عەرەب و دەڵێت: «**لەوەش پتر هەندێ نووسەر زانیاری وایان نووسیوە، ئەوەی لێ هەڵدەکڕێندرێت، کەوا چەندین میری ئەیوبی نکوڵییان لە عەرەب بوونی خۆیان نەکردووە**»[19]. ئەوەی ئەم نووسەرە ئاماژەی پێدەکات (ئیبن واصل ئەلمازنی)یە کە لە بەرهەمێکیدا نوسیویەتی: «**دەستەیەک لە پادشایانی بنەماڵەی ئەییوبی نکوڵییان دەکرد ڕەچەڵەکیان کورد بێت و گوتویانە: "ئێمە عەرەبین، بەڵام لەلای کوردان نیشتەجێ بووین و ژنمان لێهێناون"**»[20]. پۆلادیان، وێڕای تیژبینی ڕەخنەگرانەی لە کاتی خوێندنەوەی سەرچاوەکاندا، ددانیش بەوەدا دەنێت، کە بیری بەڕەچەڵەک عەرەب بوونی کورد لای ئەو هۆزە کوردانەی لێرە و لەوێ لەسەر زەمینی دەوڵەتی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی بڵاو ببوونەوە، نەختێک برەوی هەبووە[21].

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا توێژەری کورد بۆی هەیە بەو بەڵگەیەی ئەو زانیاریانە لەو سەرچاوانەوە گواستراونەتەوە کە عەرەبەکان بە مەبەستی تایبەتی خۆیان نوسیویانن، یان لەژێر کاریگەرییاندا دووبارە کراونەتەوە، یاخود لەبەر ئەوەی خاڵین لە داتای زانستانەی مێژوویی و زیاتر لە بەندوباو دەچن، گومان لە گشت ئەو سەرچاوانە بکات.

19 هەمان سەرچاوە، ل 161.
20 ابن واصل: ***مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب***. قاهرة 1953، ج 1، ص 3.
21 ئارشاک پۆلادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا***. ل 162.

وەلێ کاتێک دەگەینە سەر سەرچاوە کوردییەکان، کە هەمان ئەو شتانەیان بە زیادیشەوە دووبارە کردوونەتەوە، چیدی ناتوانین ئەو مەیلە بشارینەوە کە نووسەرە کوردەکان و بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردیش لەمبارەیەوە بوویانە.

دوو کەس لە دیارترینی ئەو مێژوونووس و نووسەرە کوردانەش، میر شەرەفخانی بەدلیسی و مەلا مەحمودی بایەزیدین، کە یەکەمیان وێڕای ڕەزامەندی لەسەر ڕەچەڵەکی عەرەبیانە، مەیلی بەرەو بە ئێرانیکردن «بە *فارسکردن*»ی کورد زیاترە و دووەمیشیان جەخت دەکاتەوە سەر بەعەرەبکردنی «*بەدەویانە*»ی کورد. یەکەمیان لە سەدەی شازدەهەمی زایینیدا ژیاوە و دووەمیشیان لە سەدەی نۆزدە هەمدا. ئەم دوو مێژووەش بایەخێکی گرنگیان هەیە، چونکە ئاشکرای دەکات؛ بەدوورکەوتنەوەمان لە سەدەکانی ناوەڕاست (کە تیایدا گوتاری بەعەرەبکردن سەر هەڵدەدات)، نە کاریگەریی بیروڕای نووسەرە عەرەبەکان کاڵ بۆتەوە و نە هەستی شانازیکردنی کوردانیش بە ڕەچەڵەک بردنەوەی خۆیان بۆسەر عەرەب، دامرکاوەتەوە و نە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی سەرچاوەکان لە بزاڤی مێژوونووسیی ئێمەدا سەبارەت بەو بابەتە خەملیوە.

سەرەتا شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبە نایابەکەیدا (*شەرەفنامە* 1596ی زایینی) و لە چەندین شوێندا ڕەچەڵەکی

هـۆز و بنەماڵـە کوردەکـان دەباتـەوە سـەر هـۆز، یـان کەسـایەتییەکی نـاوداری عـەرەبیی و تەنانـەت غـەیرە عەرەبیش، بۆ نمونـە سـەرجەلەی فـەرمانڕەوایانی بـەدلیس دەباتەوە سەر تەهماسبی کوڕی یەزدگەردی بیستەم پادشای فـارس[22]. ئـەو پێـیوایە مـیرانی هـۆزی (هـەکاری) و هـۆزی (شـامبو) لـە بنەماڵـەی خەلیفـەکانی عەبباسـین و مـیرانی جەزیرەش دەچنەوە سەر خالیدی کـوڕی وەلید، ئەگەرچی بەپێی سەرچاوەکان خالیدی کـوڕی وەلیـد نەگەیشـتۆتە ئـەو ناوچەیە و بەهۆی بڵاوبوونەوەی تاعوونیشەوە هیچ یەکێک لە نەوەکانی نەماون[23].

مـەلا مـەحمودی بایەزیـدیش (1799ــ1867) لـە دوو سەرچاوەی گرنگدا باس لە عەرەب بوونی ڕەچـەڵەکی کـورد دەکـات[24]. ئەگەرچـی ئـەو لـە زۆر بـواردا بیرکردنەوەیـەکی ئاییندەخوازانـە و ڕۆشـنگەرانەی هـەبووە و یەکـەمین نووسەرێـکی کـوردە توانیبێـتی لەکـەنار تۆمارکردنـە مێژووییەکانییەوە، بیروڕای مرۆڤناسانە، کۆمەڵناسیانە و دەروونشیکاریانەی کۆمەڵایەتی ورد بخاتەڕوو، هەروەها لە پێنـاوی ڕزگـاربوونی کوردەکـان لـە پەرتـەوازەیی و پارچـە پارچـەیی، ڕاشـکاوانە بـاس لـە پێویسـتیی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کـوردی دەکـات[25]، کەچـی لـە مەسـەلەی دەستنیشـانکردنی ڕەچـەڵەکی کوردانـدا تـەواو لـە ژێـر کاریگەریی نەزعەی خۆبەعەرەبکردندایە.

بایەزیدی لـە سـەرەتای کتێبی *داب و نەریتی کوردەکان*، ساڵی (1858ـ1859) بانگەوازێک دەدات و دەڵـێ: «**با ئاشکرا بێ لای بەڕێزان، قوتابیـان و شـارەزایان و بینـەران کـە ئـەم میللەتـە کـوردە لـە کۆنـا لـە تـیرەی عـەرەبی بـەدەوی "دەشـتەکی"یـەوە هـاتوون**»[26]. پـاش ئەمـەش بایەزیـدی، دیسـانەوە بـەبێ خسـتنەڕووی هـیچ ڕوونکردنەوەیـەکی لەبابـەت ئەوانـەی سـەبارەت بـە داب و نەریـتی کـوردان دەیانخاتـەڕوو، دەڵێـت: «**هـەتا ووشـەی کوردسـتانیش**

---

[22] لەو بارەیەوە بڕوانە: الامیر شرف خان البدلیسي: ***شرفنامة***. ت. محمد جمیل الملااحمد الروزبیاني. مؤسسة موکریاني للطباعة و النشر، کردستان/ اربیل 2001، ص 603. هـەروەها سـەبارەت بـە ڕەچـەڵەکی ئـەو هۆزانەی ناویان هات بە ڕیز تەماشای لاپەڕەکانی (269، 327، 343، 429، 441، 513، 560 و 603) بکە.

[23] لەمبارەیـەوە بڕوانـە: مـەلا جـەمیل ڕۆژبـەیانی: (وەرگێـڕان و ساخکردنەوە): ***وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق*** «فتوح سواد العراق» ، چ 1، سلێمانی 1997ن ل 13، بەتایبەتی پەراوێزی ژمارە (8). هـەروەها تەماشای پەراوێزی ژمارە (1) لە لاپەڕە 269ی شەرەفنامەدا بکە.

[24] مەلا مەحمود بایەزیدی: ***داب و نـەریتی کوردەکـان***. وەرگێڕانی د. شکریە رسول، 1982، بەغدا. هـەروەها: ی.ئی. ڤاسیلیەڤا: ***کتێبێکی*** ***نەدۆزراوە دەربارەی مێژووی کوردستان***. گۆڤاری ڕەهەند، ژ. 8/1999 و. عەبـدوڵا مـەردۆخ. ل 208– 227. ئەمـە پێشـەکی کتێـبە نەدۆزراوەکەی مەلامەحمودی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

[25] ی.ئی. ڤاسیلیەڤا: ***کتێبێکی نەدۆزراوە دەربارەی مێژووی کوردستان***. ل 224.

[26] مەلا مەحمود بایەزیدی: ***داب و نەریتی کوردەکان***. ل 19.

نەبووە»[27] و بەبڕوای ئەو خاکەی پێیدەگوترێ *کوردستان*؛ پێشان «جێگایەکی چۆڵ بووە لە نێوان ئێران و خوراساندا»[28].

لە سەرچاوەی دووەمدا، کە هەندێ دووبارەبوونەوەی کتێبی «*داب و نەریتی کوردەکان*»یشی پێوە دیارە، بایەزیدی بە دووبارەکردنەوەی بیروڕای سەرچاوە کۆنەکان و بیروڕاکانی شەرەفخان سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد، سێ «نەقڵ» دەگێڕێتەوە[29]. لە یەکەمیاندا کورد دەباتەوە سەر ئەو کەسانەی لە مارەکانی سەرشانی زوحاک ڕزگاریان بووە (*ڕەچەڵەکی ئەفسانەیی*)، لە دووەمیاندا کورد دەباتەوە سەر *کابرایەکی زل و زەبەلاحی چاو دەرپۆقیو و هەڵاوساوی توکنی بیچم ترسێنەر*، کە وەک نوێنەری کوردان چۆتە لای پەیامبەری ئیسلام (*ڕەچەڵەکی دێوو درنج*). لە نەقڵی سێهەمیشدا کە وەک بۆخۆی دەڵێت:«**وێدەچێ نزیک لەڕاستییەوە بێ**»[30]، کورد دەباتەوە سەر «**ڕەسەنێکی نائاسایی**» لە نەوەی *یافسی* کوڕی نوح، کە بێگومان

---

[27] هەمان سەرچاوە، ل 20.

[28] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

[29] ی.ئی. ڤاسیلیەڤا: ***کتێبێکی نەدۆزراوە دەربارەی مێژووی کوردستان***. 210–211

[30] ی.ئی. ڤاسیلیەڤا: ***کتێبێکی نەدۆزراوە دەربارەی مێژووی کوردستان*** ل 211

دەستەواژەی «ڕەسەنی نائاسایی» ئەگەر مانایەکی هەبێت ئەوە هیچ نیە لە «*ڕەچەڵەکێکی ناڕەسەن*» زیاتر.

ئەگەر نەمانەوێت هەروا بە ئاسایی بەلای شەرەفخان و بایەزیدیدا تێپەڕ ببین، بەتایبەتی سەبارەت بەوەی کە نەک هەر بڕوایان بە عەرەببوونی کورد هەیە و لەوبارەیەوە هیچ پرسیار و نیشانەیەکی سەرسوڕمان دانانێن، بەڵکو ڕەچەڵەکی غەیرە عەرەبیشی بۆ دەدۆزنەوە و پاشان لەلای بایەزیدی ڕەچەڵەکێکی نا مرۆییشیان دەدرێتە پاڵ؛ هەروەها ئەگەر نەمانەوێت بیروڕای ئەوان بەوە پاساو بدەینەوە کە هێشتا هەستی نەتەوەیی لەلایان گەشەی نەکردبوو، ئەوە ئەو گریمانەیە زیاتر دەچەسپێت کە پێشتر خستمە ڕوو و بە پێویستی دەزانم لێرەدا بگەڕێمەوە سەری.

ئێمە پێشتر گوتمان، بەعەرەبکردن پێشمەرجە بۆ خۆبەعەرەبکردن. ئەگەر کورد نەکەوتبا باوەشی پرۆسەی خۆبەعەرەبکردنەوە، ئەوە پرۆسەی بەعەرەبکردن هەرگیز مانایەکی نەدەبوو. ئەوەی مانا بە پرۆسەی بەعەرەبکردن دەبەخشێت، بەپیرەوەچوونی *ئەو پرۆسەیەیە لەلایەن کوردەوە*. چونکە ئەگەر بەعەرەبکردن بریتیبێت لەو ناسنامەیەی عەرەب بە کوردی بەخشیوە تا *خۆی نەبێت*، ئەوە خۆ بەعەرەبکردن دەستهەڵگرتنی کورد بووە لە خودی خۆی و جۆرێک بووە لە خۆ خاڵیکردنەوە لەهەموو ئەو مانایانەی کوردبوونی ئەویان پێکدەهێنا. یاخود دەتوانین بڵێین، ئەگەر خۆبەعەربکردن جۆرێک لە هاوگونجاندنی

دروستکردبێت، ئەوە نەگونجاوترین جۆری ناسنامەی بەخشیوەتە کورد و ئەمیش قەبووڵیکردووە. چونکە ئاشکرایە بە خاڵیکردنەوەی کورد لە ناسنامەی خۆی، هەموو ئەو زەمینەیەش بە بەتاڵی دەمێنێتەوە کە شوناس تیایدا دەخەملێت. شوناس لەو زەمینەیەدا گەشە دەکات کە ئازادیی پرسیارکردن لە ئارادا بێت و یەکێکیش لەو پرسیارانە پرسیاری خودە لە خۆی و لە جیهانی دەوروبەری خۆی. بەڵام کاتێک خود لە خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە، ئەوە هەموو ئەو پرسیارانەش بێدەنگ دەکرێن کە پەیوەندیی خود بە خۆی و بەجیهانی دەوروبەریەوە دیاری دەکەن و پەیوەندیەکەش دەکەنە پەیوەندییەکی *سەپاو*، ئەگەر نەڵێین تۆتالیتاریانە.

خود ئەوکاتە دەتوانێت پەیوەندیی بە خۆی و بە جیهانی دەوروبەری خۆیەوە بکات، کە سەربەخۆیی خۆی لە دەست نەدابێت. چونکە ئەگەر خود بەتاڵ کرابێتەوە لە خۆی و شوناسێکی دیکەی خرابێتە پاڵ کە خۆی نیە، ئەوە قەبووڵی هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا ناکات و ئەو پەیوەندیە مانای نابێت. تەنیا مەگەر ئەو شوناسە تازەیەی دەدرێتە خود لە ڕێگای ستەمکارییەوە بێ، یان لەڕێگەی نەفیکردنەوەی خودەوە. بەمانەیەکی دی: تەنیا ئەوکاتە پەیوەندییەک دەبێتە پەیوەندی؛ کە خود وەک جەوهەرێک لەو پەیوەندیەدا پارێزراو بێت و ئەو پەیوەندییەش ببێتە

پەیوەندی بەو خودە سەربەخۆ و پارێزراو و ڕێز لێگیراوەوە.

شوناسێکی نوێ بۆ خود، ئەوکاتە شوناسێکی نوێیە؛ کە ئیزافەیەک بکاتە سەر خود وەکئەوەی کە لە خودی خۆیدا هەیە و مانای خودبوونەکەی فراوانتر بکات، بەڵام ئەگەر ئەو شوناسە لەسەر حسابی سڕینەوەی خودە جەوهەرییەکەوە بێت، ئەوە شوناسێکی تۆتالیتاریانەیە، کە هەر خود خۆی، دەکاتە قوربانیی یەکەم. بۆ نمونە: وەختێ نازناوێک دەدەینە پاڵ تاکێک، کە هەڵگری خودێکە و ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوە ئەو نازناوە ئیزافەیەکە بۆسەر شوناسی جەوهەری و پێویستە لەخزمەتی چەسپاندنی تاکبوونی ئەو خودە سەربەخۆیەدا بێت کە نازناوەکەی پێ ئیزافە دەکرێت. واتە خزمەت بە سەربەخۆیی ناوە شەخسییەکە بکات و مانای تاکبوونی هەڵگری ناوەکە، جێگیرتر و فراوانتر بکات. وەلێ ئەگەر نازناوەکە ناوی شەخسیی تاکەکەسەکەی سڕییەوە و ئازادییەکانی سنووردار کرد؛ ئەوە نابێتە ئیزافەیەک بۆسەر شوناسی ئەو کەسە، بەڵکو شوناسە جەوهەرییەکەی دەخاتە لاوەو بۆخۆی لە جێگەکەی نیشتەجێ دەبێت. بەم پێیەش نازناوەکە نابێتە نازناو لە خزمەتی شوناسی یەکەمدا، بەڵکو خۆی دەبێتە شوناس. (*لەبەشی کۆتاییدا دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە*).

بۆیە ئەگەر بەعەرەبکردنی بەرایی لە ڕوانگەی نەخشەدارێژەکانییەوە جۆرێکیش لە ئیمتیاز بووبێت

درابێتە کورد و ئەگەر کوردیش ئەمەی وەک دیاری و بانگهێشتنێکیش لێکدابێتەوە و بەهۆیەوە گونجانێکیشی لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەدا دروستکردبێت کە بەرامبەر خستوێتیە بەردەمی؛ ئەوە دواجار ئەم دیارییە، دیاریی ستەمکارێکە بۆ بەرامبەر تا لە خودێکی سەربەخۆوە بیکاتە خودێکی ملکەچ. خودێک کە لە پێناوی مانەوەی خۆی و گەورەکردنی ستەمکاردا، خۆی بە کۆیلە دەکات و هەموو خۆ بەکۆیلەکردنێکیش پێگە و مانەوەی ستەمکار بەهێز دەکات.

شەرەفخان و بایەزیدی؛ ئەوەندە تەسلیم بە گوتاری بەعەرەبکردن بوون، کە خۆبەعەرەبکردنەکەیان بۆتە پێشمەرج بۆ قەبوڵکردنی هەرشتێکی دیکەش سەبارەت بە ڕەچەڵەکیان! بە مانایەکی دی: خۆبەعەرەبکردن (خۆ بەئەویترکردن) لەلای ئەوان ئەوەندە بۆتە خەسڵەتێکی دەروونی و لە ناخیاندا جێگیر بووە، ئیدی زەمینەی خۆشکردووە تا لەئاست هەر لایەنێکی تردا دەست لە ڕەچەڵەکی کوردیانەی خۆیان هەڵبگرن و ئەو مەسەلەیەیان هێندە بەلاوە گرنگ نەبێت. وەک ئارشاک پۆڵادیان گوتویە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە: مەلا مەحمود وەک ڕووناکبیرێک و مامۆستای بواری فێرکردن، لەسەر دووبارەکردنەوەی شتێک سوورە؛ کە لە سەدەکانی ناوەندا

خراوەتە ڕوو، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە نیشان بدات[31].

بێسوود نابێت لە پەراوێزی شەرەفخان و بایەزیدیدا[32] باس لە مێژوونووسێکی دیکەی کورد وەک نمونە بکەین، کە ڕوونتر ئاشکرای دەکات مێژوونووسە کوردەکان، وێڕای هەموو دڵسۆزییەکیان، هێشتا لەمەسەلەی ڕەچەڵەکدا چاوپۆشی دەکەن و ناتوانن خۆیان لە دووبارەکردنەوەی زانیاریی سەرچاوە کۆنەکان بەدوور بگرن. لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئاشکرای دەکات ئەوان ئەوەندە تەسلیم بە گوتاری بەعەرەبکردن بوون، کە خۆبەعەرەبکردنەکەیان بۆتە پێشمەرج بۆ قەبوڵکردنی هەرشتێکی دیکەش سەبارەت بە ڕەچەڵەکیان. ئەو مێژوونووسەش (عەبدولقادر کوڕی

[31] ئارشاک پۆڵادیان: کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا، ل 164.

[32] لە ڕاستیدا لە پێش شەرەفخانیشەوە دەقی (یاداشتەکانی مەئمون بەگ کوڕی بێگە بەگ)مان هەیە کە نمونەی خۆبەکەمزانی و شکستەنەفسی نووسەرەکەی دەردەخەن و پێویستی بە توێژینەوەیەکی تایبەت هەیە. مەئمەن بەگ ئەم یاداشتانەی وەک سکالایەک پێشکەشی سوڵتان موڕادی سێهەم کردووە و تیایدا وادەی بەندایەتی خۆی بۆ سوڵتانی تورک ئاشکرا کردووە و بەمجۆرەش خۆی دەناسێنێت: «*ڕەگەزی بەندە بێگە بەگ ئەگەڕێتەوە بۆ هەریەک لە ئەبو عوبەیدەی جەڕاح لە دە مژدە پێدراوەکەیە و میری ئیمانداران عەباس*». بڕوانە: ***یاداشتەکانی مەئمون بەگ کوڕی بێگە بەگ***. وەرگێڕانی: سەلاح نەقشبەندی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی 2002، ل 31.

ڕۆستەمی بابان)ـە، کە دەبێت لە ساڵی (1868)دا کتێبی (*ڕەوشی کوردان*)ی نوسیبێت[33].

عەبدولقادری بابانیش لەسەر ڕێچکەی مێژوونووسە کوردەکانی پێشخۆی و دیسان وەک ئەوان بەبێ گفتوگۆکردن و بەڵگەهێنانەوە، دوای ئەوەی باسی گەیشتنی بانگەوازی ئیسلام بە کوردستان و هاتنی سوارەی عەرەب بۆ وڵاتی کوردان و شەڕی نێوان کورد و عەرەب و سەرکەوتنی عەرەبەکان دەکات[34] لە باسی داگیرکردنی ناوچەی «پاوە»دا، (کە دیارە بۆیە داگیرکراوە چونکە کوردەکان لەوێ بەرگرییانکردووە)، دەبێژێ: «**پاش وێرانکردنی خانوان و کوشتاری خەڵک ئاورگەی پاوەشیان وێران کرد. هێندێ لە لەشکری عەرەب کە ئەو شوێنەیان بەدڵ بوو، هەر لەوێ نیشتەجێ بوون**»[35]. ئەمجا لە درێژەی قسەکانیدا دەکەوێتە زەمینەخۆشکردن بۆ بەعەرەبکردنی کوردەکانی ئەوێ و دەڵێت: «**مەعازی کوڕی جەبەل لەگەڵ هێندێ لەو عەرەبانە کە لە پاوە مانەوە، ژنی کوژراوەکانیان داگیر کرد و منداڵی زۆریان لێ وەپاش خستن و لە دەوروبەریش خزمایەتیان پەیدا کرد و کەم کەم ئیسلام لەو چیا و لێرەوارە بڵاو بووە و**

[33] عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان: ***ڕەوشی کوردان***. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریمی حیسامی، 1991، ستۆکهۆڵم.

[34] هەمان سەرچاوە، ل 24ـ 26

[35] سەرچاوەی پێشوو، ل 25–26.

تا ئێستاش خەڵکی پاوە بنەچەکەی خۆیان دەبەنەوە سەر مەعازی کوڕی جەبەل و عەرەبەکانی تر کە لەوێ نیشتەجێ بوون»[36]. (لارکردنەوەکە لە منەوەیە). بەم قسەیەدا عەبدولقادری بابان دەکەوێتە ناکۆکییەکەوە و ئەوەی بیر دەچێتەوە کە بوونی کوردەکانی پاوە دەکەوێتە پێش هاتنی عەرەبە مسوڵمانەکانەوە و هەر ئەمەش وایکردووە ئەوان بەرگریی بکەن، بۆیە ناکرێت ئەمەی دواییان ببنە بنەچەکەی ئەوەی یەکەمیان، تەنیا مەگەر بەپێی گوتاری خۆبەعەرەبکردن نەبێت.

لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە ناوبراو لە باسکردنی مێژووی بابانیەکاندا[37] لەدایکەوە ڕەچەڵەکێکی «فەرەنگیانەی مەسیحیانە»یان دەداتە پاڵ و لە باوکیشەوە، بە شێوەیەکی ڕەمزی؛ نازناویان دەباتەوە لای سەرداری سوپای عوسمانی[38] بۆ ئەم مەبەستەش چیرۆکی *مەلا ئەحمەدی دارەشمانە* دەگێڕێتەوە کە چۆن عاشقی کیژێکی فەرەنگی بووەو بەرهەمی ئەو عەشقەش (بابا سولەیمان، یان: سلێمان بەبە)ی سەرئەڵقەی میرەکانی بابانە[39].

[36] عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان: ***ڕەوشی کوردان***. ل 26.

[37] هەمان سەرچاوە، ل 83ـ 89

[38] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 88–89

[39] عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان: ***ڕەوشی کوردان***.ل 89.

کەواتە وەک دەبینین، دوای یەکەمین شەپۆلی بەعەرەبکردن و پاشان خۆبەعەرەبکردن، ڕێگا خۆشدەکرێ بۆ قەبوولکردنی هەر ڕەچەڵەکێک بۆ کورد، ئەمەش بەبێ خستنە ڕووی بەڵگە، یان گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی باوەڕپێکراو.

نەبوونی بەڵگەی بەرجەستە خەسڵەتێکی دیاری بەرهەمی هەندێک لەو نوسەر و مێژوونووس و خاوەن بنەماڵە و ئاینزا کوردیانەیشە کە لە سەدەی بیستەمدا باسیان لە ڕەچەڵەکی کورد و بنەماڵە و ناودارانی ئەم میللەتە کردووە. وەکئەوەی خۆبەعەرەبکردن بەدرێژایی سەدەکان ئەوەندە ڕەچەڵەکی داکوتا بێت، کە ئیدی پێویستیی بە بەڵگە و سەچاوە هێنانەوە نەبێت. بۆیە ئەگەر باسی ئەو مەیلە لەلای چینی دەسەڵاتداری ئاینزای ئێزیدییەکان و ئاماژەکردنی «*مەسحەفا ڕەش*»؛ کتێبی پیرۆزی ئەوان، بۆ خزمایەتی نێوان ئێزیدییەکان و خەلیفەکانی ئەمەوی نەکەین[40]، کە هەڵبەتە لە سەردەمی ئێستادا ئێزیدیەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە، ئەوە گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بۆ خالیدی کوڕی وەلید، شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە.

40 ئارشاک پۆلادیان: ***کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا***، ل 165.

ئەم بەسەرهاتەش لە (*یاداشتەکانی مێجەر نۆئیل لە کوردستان*)دا باسی لێوە کراوە[41]. جارێ بۆ ئەوەی لەو کەش و هەوایە تێبگەین کە نۆئیل تیایدا ژیاوە و دیسانەوە بۆمان ئاشکرا ببێت کە گوتاری بەعەرەبکردن چۆن بۆتە بەشێک لە ناخی خۆبەعەرەبکردووی کورد، ئەو بەشە لە یاداشتەکانی ناوبراو دەنووسمەوە کە تیایدا باس لە «هەڵوێستی کوردەکان» بەرامبەر عارەبان دەکات: «**کوردەکان بە چاوێکی تایبەتی تەماشای دراوسێ عەرەبەکانیان دەکەن، بەو چاوە تەماشایان دەکەن کە قورئان بە زمانی ئەوان نێردراوە و پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت، وەک برایەک و هاودین تەماشا دەکرێن. هەست و سۆزێکی قووڵ و ڕیشەداریان هەیە بەرامبەریان و بە دراوسێ و هاوبەشی بەرژەوەندی ژیانیان دەزانن**»[42].

ئەم هەڵوێستەی کوردەکان، نیشانەی هاوسۆزی و هاوسێیەتی و سنگفراوانی ئەوانیش بێت، هێشتا ئەو خۆبەکەمزانییەی کورد ناشارێتەوە کە لە ئاست عەرەبدا هەیانە و لەسەر بنەمای **پیرۆزکردن**ی زمانی ئەوان دامەزراوە، چونکە قورئانی پێ هاتۆتە خوارەوە. ئەم

41 مێجەر نۆئیل: ***یاداشتەکانی مێجەر نۆئیل لە کوردستاندا***. وەرگێڕانی: حسێن ئەحمەد جاف، حسێن ع. نێرگسەجاڕی بەغدا، 1984.

42 هەمان سەرچاوە، ل 185.

هەڵوێستەی نۆئیل بەناوی کوردەکانەوە تۆماریکردووە، هەمان ئەو هەڵوێستەیە کە پڕۆژەی بەعەرەبکردنی سەرەتا دەیویست کورد وەریبگرێت. ئەمە هەمان هەڵوێستی خۆ لەبیرکردن و خۆ کشانەوە دواوە و خۆکردن بە کۆیلە و ئەویتر بردنە پێشەوە و بەسەرداركردن و پیرۆزکردنیەتی، کە *خۆبەعەرەبکردن* لە ئێمەدا چاندوویەتی و بۆتە بونیادێکی سایکۆلۆژیش تا لە ئاست هەر کەسێکی تردا هەمان هەستی خۆ بەکەمزانی و ددان بەخۆدا گرتن و شەرم و لە مافی خۆمان خۆشبوون بەرجەستە بکەین. جارێک بەناوی ئەوەی ئەوانیتر لە نەژادی پاکن، جارێکیتر لەبەر ئەوەی زمانی ئەوان زمانێکی پیرۆزە و جارێکی تریش بەو هۆیەوە کە ئەوانیتر ڕزگاریان کردووین.

مێجەر نۆئیل لە بردنەوەی ڕەچەڵەکی بەدرخانیەکان بۆسەر خالیدی کوڕی وەلید، بەڵگەیەک ناخاتە ڕوو، پێدەچێت بە حوکمی تێکەڵبوون، ئەم مەسەلەیەی هەر لە زمانی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەوە بیستبێت. لەڕاستیشدا هەر لەم کتێبەدا باس لەوە کراوە کە جەلادەت بەدرخان لەوبارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە و سوور بووە لەسەر ئەوەی کە خێزانەکەیان هیچ بەڵگەو

قەواڵەیەکیان نەبووە و نیە، بەڵام ددانیشی بەوەدا هێناوە کە لەوانەیە بچنەوە سەر خالید[43].

ڕێک و ڕاست ئەو ددان پێدا هێنانەیشە کە هەموو خەسڵەتەکانی «مـن»ی بچووککراوەی کوردی لە ئاست ئەویتری گەورەکراودا؛ ئاشکرا دەکات و وادەکات وێڕای نەبوونی قەواڵەو بەڵگەش هەر نەتوانێت ئەو ڕەچەڵەکە ڕەتبکاتەوە کە ڕوونکردنەوەکەی لەسەر داوە!

من مەبەستم ئەوە نیە هیچ گومانێک بخەینە سەر گرنگیی بەرهەمەکەی شەرەفخان و بایەزیدی و عەبدولقادری بابان و تێکۆشانەکانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، وەلێ ئەوە هەمیشە پرسیارێکی ڕەوایە: بۆچی ئەوان لە هەموو شتێکدا داکۆکییان لە کورد کردبێت کەچی لە مەسەلەی ڕەچەڵەکدا نەیانتوانیوە گوتاری بەعەرەبکردن ڕەتبکەنەوە و نەکەونە باوەشی خۆبەعەرەبکردنەوە؟ ئایا ئەمە دەلالەت لە ستەمکاری گوتاری یەکەم و تەسلیمبوونی کورد ناکات بەو گوتارە و قەبوڵکردنی ئەو ناسنامەیەی بۆیان دروستکراوە، وەک دۆخێک بۆ مانەوە و خۆ گونجاندن لەسەر حسابی دۆڕاندنی ڕەچەڵەک؟ کە بێگومان وەک پێشتر گوترا مەسەلەی ڕەچەڵەک لە لای عەرەبە مسوڵمانەکان یەکسان بوو بە ناسنامە...

---

[43] سەرچاوەی پێشوو، ل 215، بڕوانە پەراوێزی ژمارە 113ی وەرگێڕەکان.

یەکێکیتر لەو زانا و مێژوونووس و ڕاڤەکارە گەورانەی کورد، کە ئێستا لە ژیاندایە، بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتووە و بەبێ بەڵگەهێنانەوە، ڕەچەڵەکی چەند ناودارێکی کوردی بردۆتەوە سەر عەرەب، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە.

هیچ پاساوێک بۆ دڵسۆزیی کوردانەی ئەم کلاسیکناسە وردبینە ناهێنرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کتێبی «*یادی مەردان*»[44] خاڵیی نیە لەو نمونانەی کە دەریدەخەن؛ گوتاری خۆ بەعەرەبکردن تا چەندە کاریگەریی خۆی بەجێهێشتووە. هەڵبەت هاندەری سەرەکیی بۆ نوسینی کتێبێکی ئاوا گەورە، لەلای مامۆستا، ترس بووە لە لەبیرچوونەوەی ئەو باسە جوانانەی کە لەبارەی پیاوە ناودارەکانی وڵاتەکەیەوە بیستوونی[45]؛ ئەو پیاوانەی «**هەریەکێ لەوان وەکو گەردن بەندێکی گەوهەر وا بوون لە ملی گەردوونا، یا وەک شمشێرێکی دەبان بوون بەدەست پاڵەوانانی مەیدانەوە**»[46].

وێڕای ئەم هاندەرە ناسکەش، کەچی ناکرێت هەروا بەلای ئەم بەرهەمەدا ڕەت ببین، کە لە هەردوو بەرگەکەیدا بەلایکەمەوە ڕەچەڵەکی زیاتر لە حەوت ناوداری کوردی

---

[44] مەلا عبدالکریم مدرس: ***یادی مەردان***. بەرگی 1، 1979و بەرگی 2، 1983چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا. هەروەها مامۆستا لە کتێبی «***بنەماڵەی زانیاران***»یشدا لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتووە.

[45] مەلا عبدالکریم مدرس: ***یادی مەردان***. بەرگی 1، ل 3.

[46] هەمان سەرچاوە، بەرگی 1، ل 3.

بردۆتەوە سەر تیرە و هۆز و کەسایەتییە عەرەبەکان، کە سیانیان ڕەمزییەتێکی تایبەتیان بۆکورد هەیە.

بەرگی یەکەمی ئەو کتێبە، سەراپا بۆ *مەولانا خالیدی نەقشبەندی* تەرخانکراوە. مامۆستای مودەڕیس ڕەچەڵەکی بنەماڵەی مەولانا خالید لە باوکەوە دەباتەوە سەر تیرەی جافی مکایەڵی و لە دایکیشەوە دەیباتەوە سەر ساداتی پیر خدری. پاشان لە ناساندنی مکایەڵیدا نوسیویە: «**مکایەڵی تیرەیەکن لە جافی کۆچەری لە نەتەوەی پیر میکائیلن کە مەشهوورە بە پیر میکائیلی شەشە ئەنگووس**»[47]. ئەمجا لە درێژەی باسەکەیا لەبارەی پیر میکائیلەوە دەڵێت: «**ئەم زاتە لە نەوەی خەلیفەی سێهەم حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففانە**»[48].

لەبەرگی دووەمی هەمان بەرهەمیشدا؛ مامۆستا مودەڕیس ڕەچەڵەکی هەریەک لە *شێخ عوسمان سیراجوددین و مەولەوی تاوەگوزیی* شاعیر و هەندێکی تریش دەباتەوە سەر عەرەب. هەرچی ڕەچەڵەکی یەکەمیانە لە ڕێگەی (سەیید ظاهر) ناوێکەوە دەباتەوە سەر سەییدەکانی (نعێم) لەوێشەوە بۆ سەر نەوەی «**حەزرەتی حوسەینی کوڕی حەزرەتی عەلی**»[49]، پاشان بە درێژایی

---

[47] مەلا عبدالکریم مدرس: ***یادی مەردان***. بەرگی 1، ل 7.

[48] هەرئەوێ، ب 1، ل 7.

[49] مەلا عبدالکریم مدرس: ***یادی مەردان***. بەرگی 2، ل 7.

لاپەڕە (8 و 9)ی هەمان بەرهەم (ئەمجارەیان بە گەڕانەوەی بۆ دەسنووس و سەرچاوە)، باس لەبنەچەی ئەم کەسایەتیە دەکات تاکو بەم ئەنجامە دەگات: «**بەپێی ئەم سەرچاوانە دەرکەوت کە شێخ عوسمان سیراجوددین لە لاینی باوکیەوە لە سەییدەکانی نعێم و لە نەوەی حەزرەتی حوسەین و، لە لاینی دایکیەوە لە سەییدەکانی شازلی و لە نەوەی حەزرەتی حەسەنە**»[50].

بەڵام لەلای مامۆستا مودەڕیس بنەچەی مەولەوی «**ئەچێتەوە سەر خواناسی ناودار سەیید موحەممەد زاهیدی کوڕی مەحمودی مەدەنی کە بە پیر خدری شاهۆ ناسراوە و، لە نەوەی حەزرەتی حوسەینی کوڕی حەزرەتی عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب و فاتیمەی زەهرایە**»[51].

وەک دەبینین تەوژمی خۆ بردنەوە سەر عەرەب و بەکارهێنانی ئەمە بۆ وەرگرتنی ڕەوایەتی و پیرۆزیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و لە کایەی دینیدا، تا ساتەوەختی «یادی مەردان»یش بەردەوامیی خۆی هەیە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە واپێدەچێت پیشە و بەرهەم و ژیانی چەند پشتێکی ئەو کەسایەتیانە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەس نەبووبێت بۆ پتەوکردنی پێگە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانیان. بۆیە هەست بەوە کراوە کە دەبێت

[50] هەمان سەرچاوە، بەرگی 2، ل 9.

[51] سەرچاوەی پێشوو، بەرگی 2، ل 362.

بەهەر هۆیەک بووە لەگەڵ سەرچاوەیەکی «بالا»تردا و بەهۆی زمانێکی تایبەتی ئایینییەوە کە خاڵیی نیە لە *پیاهەڵدان و بەرزنرخاندن و سۆزگەرایی*، پەیوەست بکرێن[52].

خۆبەعەرەبکردنی هاوچەرخ

ساتەوەختی ئێستای ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زەوقیی کورد بەدەست ناکۆکی و دژایەتییەکی ئاڵۆزەوە دەناڵێنێت. لەلایەکەوە هەرگیز ئەوەندەی ئێستا باس لە تەعریب و ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵی نەکراوە و لەپشت باسکردنی هەموو ئەمانەیشەوە هەردەم هوشیارییەکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بەو کولتووری عەرەبیی ئیسلامیەی بەعسییەکان دەربڕی بوون و تەوزیفیان دەکرد، لە ئارادایە. لەلایەکی دیکەیشەوە ئێستا ناوی عەرەبیی ئیسلامیی لە منداڵی کورد زیاتر دەنرێت و

[52] من لەم باسەدا نەمویستووە مەسەلەی نەسەبنامەی شێخەکان بخەمە بەرباس، چونکە ئەوباسە لیستەکەی درێژتر دەکردەوە و ناوی کەسانی وەک شێخ مارفی نۆدێی و شێخ مەحمودی حەفید و هەندێ سەرکردەی تری کوردی تێدەکەوت. بەڵام سەبارەت بەوەی نەسەبنامە و سەرجەلە لەلای ئەهلی تەریقەتەکان چەندە گرنگە و بۆچی گرنگە، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
– مارتین وان بروین سن(راستییەکەی: مارتین ڤاون برۆنسن): ***جامعەشناسی مردم کرد***(اغا، شیخ و دولت) ساختارهای اجتماعی و سیاسی کردستان. ت: ابراهیم یونسی، تهران، نشر پانیذ. 1379.

مۆسیقا و کەلەپووری عەرەبی لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەواجی زیاتری پەیدا کردووە. ئەگەر ئەمە لە ئاستی جەماوەریدا بگێڕینەوە بۆ لاوازیی هووشیاریی نەتەوەیی و تەوژمی بەجیهانیبوون و زەوقی تاکەکەسی، ئەوە لە بواری گوتاری سیاسیدا حاڵەکە زۆر وێرانترە.

بێگومان خۆبەعەرەبکردنی ئێستا لەوەدا نییە کە سیاسەتمەدار و سەرۆک حیزبەکانی ئێمە ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر عەرەب، بەڵکو لەو شەرمە زۆرەیاندایە لەوەی وەک کورد خۆیان بناسێنن و کوردبوونی خۆیان بشارنەوە. ئەوان نەک هەر لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا و لە چوونیاندا بۆ بەغدا، یەکجار بە جل و بەرگیی کوردییەوە نەبینران، بەڵکو لە کۆبوونەوەکانیشدا یەک جار بە زمانی کوردی قسەیان نەکرد. ئەمە جگە لەوەی لە پڕێکدا ئەوەندە بوونەوە بە «عێراقی» کە مرۆڤی ئاسایی وا هەستبکات کوردبوون عەیبەیە. ئەگەرچی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی لەماوەی دوازدە ساڵی ڕابردوودا خۆیان لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەری و کەلەپووری عێراقی بەدوور دەگرت، کەچی لە ئیستادا و لە باشترین کاتەکانی ناردندا، *کوردستان تیڤی* و کەناڵی *کوردسات* کێبڕکێیانە لەسەر ناردنی بەرنامەکانیان بە عەرەبی. هەر ئەم دوو حیزبەش ڕۆژگارێک تەنگاو بوون لەوەی کامیان ڤیستیڤاڵی گەورە و میوانداریی نایاب بۆ برا عەرەبەکان ساز بکەن و دروستکردنی پڕ مەسرەفترین

پەیکەریش بۆ شاعیرێکی عەرەب لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر لە ئەستۆ بگرن، ئەمەش لەکاتێکدا بۆ پەیکەری کوردترین شاعیری وەک حاجی قادری کۆیی خەڵک بۆخۆی پارەی کۆکردۆتەوە. هەروەها گۆڤار و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، بەشێک لە ڕۆشنبیران و نووسەران لەدوای داتەپینی ڕژێمەوە، کێبڕکێیانە بۆ بڵاوکردنەوەی هەرچی زووتری ***ژمارەیەکی تایبەت*** لە گۆڤارەکانیان بە زمانی عەرەبی، یان هەر دەرکردنی گۆڤارێکی نوێ بەو زمانە. ئاڵای کوردستان و ئاڵای عێراق بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی کورد کرانە دوو ڕووی یەک دراو.

لەلایەکی ترەوە ژمارەی ئەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆیانەی هەریەک لە *بارزانی* و *تاڵەبانی* لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە کوردەکاندا سازیانداون زۆر دەگمەنن، لەکاتێکدا هەردەم دەرگایان بۆ ڕۆژنامەنووسی پلە دوو و سێی ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکان لەسەر پشت بووە.

بەمجۆرە دەبینین خۆبەعەرەبکردنی ئێستا، قۆناغی ڕەچەڵەک بردنەوە سەر عەرەبی جێهێشتووە و وەک بونیادێکی دەروونی کاری خۆی دەکات. ڕاستە بەشێکی ئەو نمونانە نمونەی لاوازن، وەلێ لەهەمان کاتدا وەلائی مێژوویی ناخی خۆبەعەرەبکردووی ئێمە ئاشکرا دەکەن. ئەم ناخە خۆبەکەم تەماشاکردووە، ئەم ناخە دۆڕاوە بێ کاراکتەرە، کەسایەتی کوردی دووچاری بڕوابەخۆ نەبوون، شەرم، خاترانەگرتن، قسەنەکردن، دەستهەڵگرتن و کشانەوە

لە مافەکانی خۆی، خۆبەکەمزانی و خۆ بچووککردنەوە، کردووە. هەموو ئەمانەش بونیادێکی دەروونیی ئەوتۆیان بۆ مرۆڤی کورد پێکهێناوە، کە نەتوانێت ناوەندگەرایانە و هاوسەنگانە بیر بکاتەوە و ڕەفتار بکات. ئەم کائینە، یا ئەوپەڕی لێبووردە و گوێڕایەڵ و ملکەچ و سنگفراوانە کە دنیا سەرسام دەکات، یاخود ئەوەندە تووڕە و شەڕانی و کەللەڕەقە کە نە لەگەڵ خۆی و نەلەگەڵ ئەوانیتردا هەڵناکات و لە هەردوو ئەم بارودۆخەشدا؛ ئەو کەسایەتی و شوناسی خۆی لەدەست دەدات. کورد بەتایبەتی لەئاستی سیاسیدا هێڵی زێڕینی ناوەند ناناسێ، کە تیایدا پرسیارکردن دەبێتە پرسیار لە شوناسی خۆی. لەبەر ئەوەی ئەو لە هەردوو باری یەکەمدا خۆی نییە و دەبێتە خودێک بۆ ئەوانیتر، ئەوە هەرگیز ناتوانێت پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ خودی خۆیدا دابڕێژێت و بواری گەڕانەوە سەر خود بسازێنێ.

ئەم بونیادە سایکۆلۆژییە، کە ئەنجامێکی خراپی خۆبەعەرەبکردنە، بۆتە زەمینە خۆشکەریش بۆ ئەوەی کورد قەبووڵی هەر ناسنامە و کاراکتەرێکی دی بکات کە بەرامبەر پێی دەبەخشێت، یان بەسەریدا دەسەپێنێ و مێژووی دەوڵەتی عێراقیش بۆ کورد، جگە لە مێژوویەکی داسەپاو، کە تیایدا کورد کراوەتە بوونەوەرێکی پلە دوو، هیچی دیکە نەبووە. لە ئاستی سیاسیدا ئەوە هەمیشە سەرکردە کوردەکان بوون بە بیانووی «دانوستان» و

«مفاوەزات» و «گفتوگۆ»کردنەوە، گەڕاونەتەوە باوەشی ڕژێم و سەدامیان بە حەکەم ناو بردووە. مێژووی مفاوەزاتەکانی ئێمە مێژووی وازهێنان و چاوپۆشیکردن بووە لە خودی کوردی و قەبووڵکردنەوەی ئەو وێنە دەستەمۆکراوەی بەرامبەر بۆی بەرهەمهێناوین. ئێمە لەو دانیشتنانەدا هیچ مافێکمان بەدەست نەهێناوە لە مافی بوونەوە بە بوونەوەرێکی ملکەچی لەڕووی دەروونییەوە کۆنترۆڵکراو زیاتر. هیچ خوێندنەوەیەکی دەروونشیکاریانە بۆ کورد، لە خوێندنەوەی بەعسییەکان تێپەڕی نەکردووە. ئەوان لە هەرکەسێ باشتر ناخی کوردیان شییکردۆتەوە: مەرحەبای یەک ئەفسەری بەعسی و دانیشتن لەگەڵ کاربەدەستێکی پلە نزمی ڕژێم و زەردەخەنەیەک و دەست بەسەر شاندا هێنانێک، بەس بووە چاو لە خوێنی سەدان قوربانیی بپۆشین و پاساو بۆ توندڕەوی بەعس بهێنینەوە و خۆمان بە «پاسەوانی ئاساییشی نەتەوەیی عێراق» بزانین. سووپای عێراق و ڕۆژی ئەو سووپایە بۆ ئێمە هەمان پێگەی پیرۆزی هەبووە، کە بەعسییەکان بۆیان بەرهەمهێنا. ماچی سەرکردە کوردەکان بۆ بەعسییەکان؛ ماچی عاشقێکی خۆبەکۆیلەکردوو بوون بۆ مەعشووقێکی جەللاد. هەر ئەو مێژووەیشە کە بۆتە بونیادێک و پێشمەرجێک بۆ عاشقبوونمان بە هەر کەسێکی دی. ئەوەتا ئێستاش سەرکردە سیاسیەکانی ئێمە لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا (لەهەر پلە و پایەیەکدا بن)، تا ئێستا نەبینراون بەرامبەری یەکتر

دابنیشن، کە ئەوە سرووشتی دانیشتنە ڕەسمییەکانە. بەڵکو ئەمان یان بە پێوەن و سەر دەلەقێنن، یا لە دواوەن و بێدەنگن و چەپڵە لێدەدەن، یان لە تەنیشتەوەن و شەرمنانە وەسفی ئەویتر دەکەن. ئەوانە هەرگیز لە بەرامبەردا نین.

لە ئاستی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیدا، ئێمە بەرهەمهێنەرەوەی نۆستالیژیای عێراقی بەعس بووین، نەک عێراقی بەدر شاکر سەییاب. شیعری ئێمە پڕە لە حوزن و نۆستالیژیا بۆ بەغدا وەک پایتەخت، نەک وەک شارێک بۆ ژیان. ئاوی *دیجلە* و *فورات* ڕەمزێکی باوی ناو قەسیدەی کوردین و لەوێوە جوانن کە بەو پایتەختەدا ڕەتدەبن. بۆ بەشێکی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد، کردنەوەی ڕێگای بەغدا و مووسڵ، لەوێدا مژدەیەکی خۆش بووە، کە جارێکی دیکە بچنەوە لە هەمان مەیخانەکانی پایتەختدا بیرەی «لوئلوئە» لەگەڵ ماسیی «مسگوف»دا فڕ کەن و لە هەمان چایخانەکانی جاراندا قەیماخی موسڵ بخۆن!

هەموو ئەم نۆستالیژیایە بونیادێکی سایکۆلۆژیی دەستەمۆبوومان بۆ ئاشکرا دەکات، کە ئەنجامێکی خۆبەعەرەبکردنە. ئەم بونیادە سایکۆلۆژیە خەسڵەتی خۆبەکۆیلەکردنی لەلای کورد بەهێز کردووە و ئەمەش جارێک بە پاساوی سیاسی و جارێک بە پاساوی ئایینی و جارێکی دی بە پاساوی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی دێرین و جاری دوایش بە پاساوی ڕۆژە خۆشەکانی جاران و هتد دەردەبڕدرێت.

سێیەم: پرۆژەی ڕژێمی بەعس

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان پرۆژەی بەعەرەبکردنی بەرایی، کە بە خۆبەعەرەبکردنی کورد کۆتایی پێهات و

ئەمەشیان زەمینەی خۆشکرد تا پادشا و میر و دەسەڵاتدار و مێژوونووسە کوردەکان، لە قۆناغی جیاجیادا و بە پاساوی جۆربەجۆر و لە ژێر گووشاری تایبەتدا ئامادە ببن بۆ قەبووڵکردنی هەر ناسنامەیەکی دیکەی غەیرە عەرەبیش، لەگەڵ پرۆژەی تەعەریبکردنی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. ئەم جیاوازیەش هەم لە ڕووی چۆنایەتی و هەم لە ڕووی چەندایەتییەوەیە و ئەنجامگەلێکی تریشی بۆ کورد لێکەوتەوە.

ئەگەر پرۆژەی یەکەم زیاتر لە ڕووی مەعنەویەوە کوردی خستە نێو قۆناغێکی نوێی مێژوو، کولتوور و ڕەچەڵەکەوەو لە ڕووی ژیاریی و ڕۆشنبیرییەوە بە ئاقارێکی جیا لەوەی پێشووتردا بردی و ئەمەش ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لە داڕشتنی شوناسێکی دیکەدا بۆ کورد، ئەوە پرۆژەی دووەم لە بنەماوە کەینونە و بوونی شوناسی کوردیی خستە بەردەم هەڕەشەیەکی پڕ مەترسی و دەیویست خەسڵەتی مرۆڤبوونی لێبستێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیەکی گەورە دەکەین، گەر پرۆژەی بەعس بە جیاواز و دابڕاو لە پرۆژەی بەعەرەبکردنی بەرایی لێکبدەینەوە و پێمانوابێت: ئەوەی یەکەمیان لە ئاستی کولتووری و مێژووییدا؛ دابڕاوە لە تاوانەکانی ئەوەی دووەمیان لە ئاستی مادیی و ڕۆحیدا. بێگومان ئەوەش قسەیەکی بێمانایە گەر بڕوامان وابێت، عەرەبەکانی سەرەتا پرۆسەیەکیان دەستپێکرد بەو ئاواتەی بەعس بۆیان بهێنێتە دی، چونکە ئەم لێکدانەوەیە لە

شۆڤینیزمێکی کوردیانەدا خۆی بەرجەستە دەکات؛ کە توانای لێکدانەوەی مێژووی نیەو ناشتوانێت بەعس لە کۆی کولتوری عەرەبی و ئیسلامی دابڕ بکات.

لێکدانەوەیەکی واقیعیانەو عەقلانیانەی هێمن پێماندەڵێت: ئەوەی بەعسییەکان لە دژی کورد و بەناوی عەرەب و ئیسلام و ئەو کولتوورەوە کردیان، ئەگەر زیانی بۆ مێژووی عەرەب و کولتوورەکەیان هێندەی ئەو زیانەی لە کوردیاندا نەبێت، هیچی وەهای کەمتر نەبووە. بەعسییەکان لە تەوزیفکردنی کولتوور و کەلەپووری نووسراوی عەرەب دا ئەوەندە زیادەڕۆییانکرد و بەهەڵە لەبەرژەوەندی ڕەگەزپەرستانەی خۆیاندا دەکاریان هێنا، کە بوونە هەڕەشەیەکی گەورە بەسەر هەمان کولتوورەوە و وێنەیەکی دزێویشیان پێبەخشی. هەر ئەو تێکەڵکردنەیشە، کە هەڵوێستی ناسیۆنالیستە پەڕگیرەکانی کوردیش لێوەی سەرچاوە دەگرێت و وایان لێدەکات پەرچەکردارانە خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر تەواوی ئەو کولتوورەدا بهێنن و نەتوانن خوێندنەوەیەکی جیدییان بۆی هەبێت. لە کاتێکدا ئەو کولتوورە، جگە لەو ڕەهەندە سەربازیەی کە لەکاتی بەئیسلامکردنی کوردەکاندا بەرجەستە بوو، چەندان ڕووی گەشی هەیە و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە کولتووری کورد خۆی و سەرمایە ڕۆحییەکەیشی پێکدەهێنێت.

کێشەکە لەوەدایە ئێمەی کورد زاراوەی «تەعریب» بۆ پیشاندانی دڕندەیی بەعس بەکار دەهێنین, لە کاتێکدا

«تەعریب بەمانای بە عەرەبکردن» وەک لە بەشەکانی دیکەی ئەم باسەدا بۆمان دەرکەوت، ئیمتیازێکە و مانایەکی پۆزەتیڤیانەی هەبووە. پرسیار ئەوەیە: *ئایا ڕژێمی بەعس لە عێراقدا ویستوویەتی ئەم مانایە بدات بە تەعریب یاخود لە بنەمادا ویستوویەتی پرۆسەیەکی تر ئەنجامبدات کە تیایدا مانا سەرەتاییەکەی بەعەرەبکردن دەشێوێنرێت و بگرە فڕێ دەدرێتە دەرەوە؟*

وەکئەوەی لە بەشی یەکەمدا بۆمان ئاشکرابوو، مانای پۆزەتیڤانەی «تەعریب/بەعەرەبکردن»ی بەرایی، واتە جۆرێ لە یەکسانسازی و سڕینەوەی جیاوازیی لە نێوان «ئێمە» و «ئێوە»دا؛ بەڵام ئەوەی بەعس کردویەتی هەوڵدان بووە بۆ سڕینەوەی «بەرامبەر» و بچووکردنەوەی لە ئاست «خۆمان»دا، ئەمەش لە پێناوی ئەو تێگەیشتنەدا کە بەعسییەکان بۆ گەورەکردنی «عروبە»ی خۆیان هەیانبوو.

ئێستا بۆئەوەی خۆمان لە مانای پۆزەتیڤانەی تەعریب ڕزگار بکەین و نەکەوینە ناکۆکی لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی بەعس لە کوردستاندا ئەنجامیداوە و دژی بەعەرەبکردنە، پێشنیاری زاراوەیەکی تر دەکەم, کە ئەویش زاراوەی «بەئەویترکردن»ـە. بەکورتی دەمەوێت بڵێم: بەعس نەیویستووە کورد بکاتە عەرەب, بەڵکو ویستوویەتی بیکاتە ئەویتری عەرەب هەتا بتوانێ وەک هەڕەشەیەک تەماشای بکات و وەک دوژمنێک وێنای بکات و دواجار بەرنامەی لەناوبردنی دابڕێژێ.

بەئەویتر کردن:

له سادەترین مانایدا «بەئەویترکردن» واته جیاکردنەوەی دەرەوە لە خۆمان و لەهەمان کاتدا گەورەکردنی خۆمان لەسەر حیسابی بچووکردنەوەی ئەوانیتر. بە ئەویترکردن واتە بوار نەدان بە ئەوانیتر تا وەک ئێمە بن و لەئاست و پێگەی ئێمەدا نەبن. ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە مەسەلەی دروستکردنی «ناسنامە»ـەوە. هەموو تاکێک, یان گرووپێک یاخود کۆمەڵگایەک, ناسنامەی خۆیان لە رێگەی بەپەراوێزکردنی ئەوانیترەوە بەدەست دەهێنن: من کێم؟ پەیوەستە بەوەی ئەوانیتر کێن؟ چونکە هەمیشە «**ئەویتر خۆمانمان بۆ ئاشکرا دەکات**»[53].

بۆیە پرۆسەی بەئەویترکردن چ وەک پرۆسەیەکی ژیاری و کۆمەڵایەتی تەماشا بکەین, یان وەک پرۆسەیەکی سیاسی، ئەوە دەمانخاتە بەردەم دوالیزمێکی نایەکسان. لەڕوانگەی ژیاریی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەوانیتر یان بێگانەن, یاخود هەندەرانی و فەرەنگی یان غەریب و نامۆ.

لە ڕوانگەی سیاسیشیەوە (سیاسەت چ وەک زانستێک و چ وەک پیشە و پراکتیکێک)، خەڵک و ئەوانیتر لەسەر بنەمای

53 طاهر لبيب: (محرر): ***صورة الاخر: العربي ناظرا و منظورا اليه***. مركز دراسات الوحدة العربية، 1999،بيروت. ل 93.

(دۆست/ دوژمن ، هاوپەیمان/ نەیار, یان: یار/ رەقیب)ـەوە پۆلێن دەکرێن.

لەگشت پرۆسەیەکی بەئەویترکردندا دوویاسای سەرەکی کاریان پێدەکرێت:

یەکەم: هیچ ئەویترێک بوونی نییە و نابێتە ئەویتر ئەگەر ئێمە هۆشیاریمان بە بوونی نەبێت[54]. ئەم یاسایە, فەرزی دەکات، کە دەبێت ئێمە ئەویتر بناسین و بابەتێک بێت بۆ هووشیاریی ئێمە. دیارە ناسینەکەی ئێمە و هووشیاریەکەمان لە چ ئاستێکدایە و چۆن بەدەستمان هێناوە, لێرەدا گرنگ نییە و دەشێت ئەو ناسینە سەراپا هەڵە و سەراپا وەهم و سەراپا خستنە پاڵ بێت.

دووەم: ئێمە ناتوانین هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان بە ئەویترەوە هەبێت, ئەگەر لەو پەیوەندیەدا خۆمان نەکەینە «سەردەستە» و ئەویتریش بە «ژێر دەستە» یان خۆمان وەک «سەرکەوتوو» و دانەنێین و بەرامبریش بە «ژێر کەوتوو» لەقەڵەم نەدەین[55]. ئەم یاسایەش فەرزی دەکات, کە دەبێت ئێمە ئەویتر «بچووک» بکەینەوە تا خۆمان «گەورە» بکەین, ئەویتر «بەتاڵ» بکەینەوە تا خۆمان «بئاوسێنین», ئەویتر «بەپەراوێز» بکەین تا خۆمان بچینە «چەق» و «سەنتەر»ـەوە. ئەویتر «بێدەنگ» بکەین تا کو خۆمان ببینە تاکە قسەکەر.

54 طاهر لبيب: ***صورة الاخر: العربي ناظرا و منظورا اليه***. ص 103.
55 طاهر لبيب: ***صورة الاخر: العربي ناظرا و منظورا اليه***. ص 103.

ئەنجامی ئەم دوو یاسایە بەوە دێتەوە کە بگوترێ: پێویستە ئێمە بۆ ناسینی خۆمان, ئەویتر لە هۆشیاریماندا «بەرهەم بهێنین»" و بیناسین, بەڵام ئەم ناسینە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی ئەویتر نییە, بەڵکو بۆ سڕینەوەی ئەو حەقیقەتەیەو هەر لەبەر ئەمەش ناسینەکەمان، یاخود مەعریفەمان لە ئاست ئەویتردا نابێتە «مەعریفەیەکی ئاڵوگۆڕکەر *Communicative*», بەڵکو دەبێتە مەعریفەیەکی شەڕانی و تێکدەر و شێوێنەر. بێگومان ئەمەش دژ و ناکۆکە لەگەڵ مەعریفەیەکدا کە دەیەوێت ئەویتر ***بناسێ*** تا بتوانێت پەیوەندی لەگەڵدا دروستبکات. نەک بیناسێ بۆسڕینەوەی. بەم پێیەش مەعریفەمان بە ئەویتر هەمیشە مەعریفەیە بە ئەویتری سەربەخۆ و ئازاد, چونکە مەعریفە تەنیا ئەوکاتە دەتوانێ ئاڵوگۆڕکەر بێت و ئەویتر بناسێ, کە ئەویتر وەکئەوەی لەخۆیدا هەیە، لە سەربەخۆیی و ئازادیی خۆیدا قەبووڵ بکات؛ نەک بیکاتە ئەویتر وەکئەوەی بۆخۆی پێویستی پێیەتی.

دوو جۆر بەئەویترکردن:

هەروەک چۆن پرۆسەی بەئەویتر کردن یاسای خۆی هەیە و ئەرکی مەعریفە دەشێوێنێ و ڕاستییەکان ئاڵۆز دەکات, ئاواش دوو جۆر بەئەویترکردنمان هەیە کە دنیا و

کۆمەڵگا و کەسەکان لەسەر دوو ئاست پۆلێن دەکات و حوکمیان لەبارەوە دەردەکات:

یەکەم: ***لەسەر ئاستی ناوەکی***: ئەمە ئەو ئاستەیە لە پرۆسەی بەئەویترکردن کە تاکەکان, یان گرووپەکانی کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا لێوەی دەڕواننە یەکتر. بۆ نموونە وەک ئەو تێڕوانینەی دەوڵەمەندەکان لە ئاست هەژارەکاندا هەیانە. یان وەک ڕوانینی شارییەکان بۆ گوندییەکان, یاخود ڕوانینی گرووپە «تەندروست» و «عاقڵ»ەکان بۆ کەسانی «نەخۆش» و «بێ عەقڵ»؛ یان «شێتەکان». لەم تێڕوانینەدا «**ئەویتر وەک کەسێکی نائاسایی و ناسرووشتی تەماشای دەکرێت**»[56]. ئەمەش ئەو بوارەیە کە بیرمەندی فەرەنسی میشێل فوکۆ لە بەرهەمەکانیدا بەقووڵی توێژینەوەی لەسەر کردوون...

دووەم: ***لەسەر ئاستی دەرەکی***: ئەمەش ئەو ئاستی بەئەویترکردنەیە کە تاکەکانی, یان گرووپەکانی کۆمەڵگایەک, یاخود کۆمەڵگاکان بەگشتی لێوەی دەڕواننە تاک و گرووپ و کۆمەڵگاکانی تر. بۆ نموونە وەک تێڕوانینی مرۆڤی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ مرۆڤی وڵاتانی بەناو «جیهانی سێهەم». یا ڕوانینی «سپی پێستەکانی ئەمریکا» بۆ «ڕەشپێستەکانی دنیا». ڕوانینی «خۆرئاواییەکان» بۆ «خۆرهەڵاتییەکان»و بەوجۆرە...

---

56 طاهر لبيب: ***صورة الآخر: العربي ناظرا و منظورا اليه***. ص 54.

ئەمەش ئەو بوارەیە کە *ئیدوارد سەعیدی* فەلەستینی, بە بەکارهێنانی میتۆدی فۆکۆ، کاری تێدا کردووە و لە کتێبی ***خۆرهەڵاتناسی****(Orientalism)*دا بەرجەستەی کردووە.

ئەوەی لێرەدا شایانی وەبیر هێنانەوەیە, ئەوەیە کە هەردوو ئەم جۆری بە ئەویترکردنە، تەواوکەری یەکترین. بگرە بەئەویترکردن لەسەر ئاستی ناوەکی پێشمەرجە بۆ ئەویترکردن لەسەر ئاستی دەرەکی. تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی، تاک و گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی هەمان کۆمەڵگا بەئەویتر دەکەن، ئامادەییەکی باش وەدەست دەهێنن تا هەمان میکانیزمیش لە ڕوانینیاندا بۆ گرووپی کۆمەڵگاکانی تر بخەنە کار. ئەمەش لە مێژوودا هەردەم شێوەیەکی هەمەپەسەند بووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری «ئێمە کێین؟» و لە ئەنجامی ئەمەیشەوە بەخشینی وێنەیەکی تایبەت بە ئەوانیتر کە لە ئێمە ناچن و نابێت لە ئێمە بچن. ئەوانیتر بۆیە مەترسین، یاخود بۆیە دەبێت وەک مەترسی تەماشایان بکەین، چونکە وەک ئێمە نین و ئەوانەش کە وەکو خۆمان نین دەبێت دووژمنمان بن[57].

بۆیە، ئەوانەی وەکو خۆمان نین، ئەوانەن کە بەردەوام نەخشەی لەناوچوونمان دەکێشن و لەگەڵ نەیارەکانماندا هاوپەیمانێتی دەبەستن و لە خەونەکانماندا دەیانەوێ

---

57 ڕێبوار سیوەیلی: ***نەتەوە و حەکایەت***. سپیریز، کوردستان/ دهۆک،2002، ل 151–160.

بمانکووژن. بەم پێیەش «ئێمە» هەردەم لە بەردەم مەترسی «ئەوان»دایە، ئەگەرچی بۆی هەیە ئەم «ئێمە» و «ئەوان»ە لە بنەماوە دروستکراوی وەهمیی بن و لە واقیعدا هیچ بەرجەستەبوونێکیان نەبێت.

کورتە مێژووی بەئەویترکردن:

من لێرەدا بە شێوەیەکی سیستەماتیکی مێژووییانە بەدوای سەرەتاگە و ڕەگوڕیشەی ئەم دیاردەیەدا ناگەڕێم, بەڵکو تەنیا چەند نموونەیەک لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە دەهێنمەوە, تاکو لە پاشاندا یارمەتیمان بدەن بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەی بەعس بۆ بەئەویترکردنی کورد و بەدووژمنکردنی و دەرخستنی جیاوازیی ئەو پرۆژەیە لەگەڵ نموونەکانی دیکەی ناو هەمان مێژوودا.

بە ئەویترکردن لە کۆمەڵگا خاوەن کولتوورە زارەکیەکاندا, واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە هێشتا نووسینیان دانەهێنا بوو, لە ئەنجامی ترسەوە بووە لە بێگانە. ئەم کۆمەڵگایانە بە حوکمی ئەوەی لە گۆشەگیری جوگرافی و گۆشەگیری کولتووریدا دەژیان, زەینێکی مەند و داخراویان هەبووە و ئەمەش وایلێکردوون کە لە گۆڕان و شتی نوێ بترسن. هەروەها گۆشەگیریە جوگرافیەکەیان ڕێگەی پێنەداون چێژ لە «هاوسێیەتی» و «پێکەوە بوون» وەربگرن و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە بەرامبەر بێگانەدا سڵبکەنەوە

و هەست بە ترس بکەن بەچاوی بەدگومانییەوە تەماشایان بکەن. چونکە بێگانە بەوەی کە نوێیە و لە دەرەوە هاتووە, ئەوە هەڕەشەیەکە لەسەر شتە پیرۆز و نەریتییەکانی «ناوەوە»ی ئێمە، ئەو شتانەی لەسەریان ڕککەوتووین و بەپیرۆزمانکردوون و وەک یاسا پەیڕەوییان لێدەکەین[58].

بۆیە دەتوانین بڵێین: ترسی کۆمەڵگا زارەکییەکان بۆتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ناو خۆیان و لەهەمان کاتیشدا هاندەرێکە بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی بە ئەویترکردن لەسەر ئاستی دەرەکی. لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسیانەوە هەتا یەکێتی گرووپ لەسەر ئاستی ناوخۆیی پتەو بێت، ئەوەندەش خۆی لە ئاست هەڕەشەی دەرەوەدا دەبینێتەوە. لەبەرامبەر ئەمەشدا پرۆسەی بەئەویترکردن و بە دووژمنکردن لە ئاست ئەوانیتردا بەهێز دەبێت.

لە یۆنانی کۆندا «ئەویتر» ئەو کەسە بوو کە بەشێوەیەکی بنەمایی جیاواز بوو لە «ئێمە». لەلای ئەرستۆ «بێگانە» ئەو کەسە بوو زمانی «ئێمە»ی نەدەزانی[59] و لە دەوڵەتشارێکی

[58] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

بارنز و بکر: ***تاریخ اندیشه اجتماعی. از جامعه ابتدایی تا جامعه جدید***. ت. ج. یوسفیان و علی ا. مجیدی. جلد اول، تهران، 1358، ص 25–28.

ڕێبوار سیوەیلی: (ئامادەکار) ***مێژووی هزری کۆمەڵایەتی***. زنجیرەی هزر و کۆمەڵ ژ.(2)، 2003، هەولێر، ل 16–18.

[59] طاهر لبیب: ***صورة الاخر: العربي ناظرا و منظورا الیه***.ل 54

ترەوە یان لە جوگرافیایەکی دیکەوە هاتبوو و بە زمان و زاراوەیەکی دی دەئاخفی. پاشان بە تێکەڵبوونی یۆنانییەکان بە خەڵکانی تر (بۆنموونە لەگەڵ فارسەکان لە ڕێگەی جەنگەوە)؛ بێگانە ئەو کەسە بوو کە هەڵگری خوێنی ناپاکە و لێرەشەوە وشەی (بەربەر) بووە ئەو وشەیەی کە یۆنانەکان بە هۆیەوە وێنەی ئەویتریان دەهێنایە پێشچاوی خۆیان: غەیرە یۆنانی، ناڕەسەن، ناشارستانی، دڕندە و کۆیلە[60].

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چیدی بە ئەویترکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز و خوێن و لە ئەنجامی گوشەگیریی جوگرافی و کولتوورییەوە نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی پێکدادان و شەڕ و لەسەر بنەمای ئایینییەوە بووە: ئیسلام و مەسیحیەت, دوو ئایینی تاک خودایی، وەک «ئەویتر» وێنای یەکتریان دەکرد[61].

لەو کاتەشەوە کە سورپێستەکان لەلایەن ئەورووپاییە سپی پێستەکانەوە «دۆزرانەوە» و لەمەشدا (کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس) بووە قارەمان(1492)، ئەوە سورپێستەکان، کە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بوون, وەک بێگانە و ئەویتر وێنا

[60] Politikns Forlag: Nudanskordbog I. 13 udgave, 2 oplag 1987, P. 84.

[61] طاهر لبیب: ***صورة الاخر: العربي ناظرا و منظورا الیه***. ص 61.

دەکران. ئەمەش لە لایەن ئەو کەسانەوە کە خۆیان کۆچەر بوون و کۆچیان کردبوو بۆ مەڵبەندی ئەوەی یەکەمیان[62].

پرۆسەی بەئەویترکردن لەسەدەی بیستەمدا گۆڕانی نەوعی بەسەردا هات و هەردوو بزاڤی فاشیزم لە ئیتالیا و نازیزم لە ئەڵمانیا؛ یەهوودیەکان و قەرەچ و گرووپە غەیرە ئەوروپاییەکانیان وەک «ئەویتر»ی خۆیان وێنا کرد. گۆڕانە نەوعیەکەش لەوەدا بوو، کە چیدی ئەم بەئەویترکردنە هەر تەنیا لەسەر بنەمای ڕەگەز و خوێن و ئەو خەسڵەتانەوە نەبوو، وەکئەوەی لە یۆنانی کۆن و سەدەکانی ناوەندا باو بوو، بەڵکو لەسەر بنەمایەکی زانستییەوە بوو. ئەوە پسپۆڕ و پزیشک و دەروونناس و مرۆڤناس و کۆمەڵناس و دێرینەناسان بوون کە شەرعیەتیان دەدا بە بچووکی و ناپاکیی یەهوودیەکان و ڕێگای لەناو بردنیان بۆ نازی و فاشیەکان تەخت دەکرد[63].

جۆرێکی تری, یان قۆناغێکی دیکەی بەئەویترکردن لە ئەنجامی و کۆچ و بانگهێشتی ژمارەیەکی زۆر کرێکار لە دنیای ئیسلام و خۆرهەڵاتەوە بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان، لەپاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە، (بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤی) دەستیپێکرد. ئەم وڵاتانە

[62] مهرزاد بروجردی: ***روشنفکران ایرانی و غرب***. ت. ج. شیرازی. تهران 1378، ص 14.

[63] ڕێبوار سیوەیلی: ***نەتەوەو حەکایەت***، ل 157–158.

کە لەئەنجامی وێرانکارییەکانی جەنگەوە پێویستیان بە هێزی کاری بێگانان هەبوو بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا داڕماوەکانیان، دەرگایان بەسەر هەزاران کرێکاردا ئاوەڵاکرد. وەلێ پاشئەوەی ئەو کۆمەڵگایانە هاتنەوە سەرخۆیان، ئەمجا کەوتنە بەرهەمهێنانی وێنای تایبەت لەسەر ئەو بێگانانە و زەمینە سازکردن بۆ ناردنەوە و دەرکردنیان. ئەمە جگەلەوەی جەنگی نێوان عێراق/ئێران لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم و ئاڵۆزیی سۆماڵیا و شەڕی یۆگسلافیا و پێکدادانی نێوان هۆزەکانی هیتی و تووتوو لە نەوەدەکانی هەمان سەدەدا, بووە هۆی ژمارە زۆری پەنابەران لە وڵاتانی ئەوروپاییدا. بەمجۆرەش ئەمجارەیان لە پەنابەران «ئەویتر»ی ئەوروپایی هاتە بەرهەم بۆئەوەی هاوسەنگی ببەخشێتەوە بە ناسنامەی قەیراناویان.

ضوارةم: رِذيَمي بةعس:
لة «بةئةويتركردنةوة» بؤ «بةدووذمنكردن»ي كورد

ناوی تەواوی ئەم ڕژێمە بریتییە لە «حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی». ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە مانای وشەی «بەعس»ـە، کە بە واتای *هەستانەوە*, یان

سەرهەڵدانەوە یاخود *زیندووبوونەوە*، دێت و ئەو پەیوەندییە قووڵە و لکانە توندەیەتی بە وشەی «عەرەب»ـەوە. **حیزبی بەعس حیزبێکە بۆ هەستاندنەوە و بووژاندنەوەی عەرەب و دروستکردنەوەی «یەکێتی» لەناو ئەم میللەتەدا**.

لە پرۆگرام[64] و ئەدەبیاتی ئەو حیزبەدا ئاماژە بەوە کراوە کە «**عەردی باو و باپیرانی عەرەب یەکەیەکی سیاسی و ئابووریی دابەشنەکراوە**»[65]. هەروەها لە دەقی پڕۆژەی *دەستووری کۆماری عێراق*یشدا نووسراوە: «**عێراق بەشێکە لە نیشتیمانی عەرەبی و لە پێناوی وەدیهێنانی یەکبوونێکی گشتیی عەرەبیدا تێدەکۆشێت**»[66].

بەم پێیەش بەعس خۆی بە بەرجەستەکەری ناسنامەی عەرەب پێناسە دەکات و تێڕوانینی ئەو حیزبە بۆ جیهان و کۆمەڵگاکانی تر, تێڕوانینێکی نوێنەرایەتیکراوی عەرەبیانەیە. واتە تێڕوانینێکە هەوڵدەدات عەرەب، یاخود ڕاستتر وایە بگوترێ: *تێڕوانینێکی تایبەت لەسەر* عەرەب لە سەرووی هەموو شتێکەوە دابنێت و قاییل نییە بەوەی

[64] شبلي العيسمي: ***حزب البعث العربي الاشتراكي*** 1، مرحلة الاربعينات التاسيسية 1940-1949. دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت 1974، ص 117.
[65] حزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القومية: ***المنهاج الثقافي المركزي***، كتاب الاول، بغداد 1977، ص 31.
[66] ***نص مشروع دستور جمهورية العراقية***. دار الثورة للصحافة و النشر، دون سنة الطبع، ص 5.

غەیرە عەرەب, تێکەڵ بە عەرەب بکات و بوار نادات بە ئەوانیتر تا وەک عەرەب بن و لە ئاستی عەرەبدا بن.

بۆیە حیزبی بەعس لەگەڵ دامەزراندنی خۆیدا تێڕوانینێکیش لەسەر غەیرە عەرەب بەرهەمدەهێنێ، کە لە قۆناغی جیاواز جیاوازدا ئەو تێڕوانینە ئاراستەی لایەنی جیاوازیش دەکات: «ئیمپریالیزم, زایۆنیزم، فورسی مەجوس» و پاشانیش کورد و نەتەوە و گرووپەکانی تری ناو عێراق و ئەو "عەرەبە خیانەتکارانەش" کە خیانەتیان بە عەرەبایەتی خۆیان کردووە (وەک کوێتی و سعودییەکان)!

ئەگەرچی «کورد» هەمیشە لە مێژووی عێراقدا ئەو لایەنە ئامادەیە بووە بۆ ئەوەی بکرێتە «ئەویتر», بەڵام تەنیا لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسە کە پرۆسەی بە «ئەویترکردن» دەبێتە پرۆسەی «بەدوژمنکردن». بە مانایەکی دی: **«بەعسیزم ئەو سیستەمەیە کە بوونی کورد لەناو جەستەی کۆمەڵگا سیاسییەکەی(دا)، وەکی هۆکارێکی نارەحەتکەر و شێوێنەر تەماشا دەکات و لە وێشەوە وێنەی بێگانەیەکی پێدەبەخشێت کە لە ڕووی سیاسییەوە دەبێت بە دووژمن»**[67].

بەعس بۆ ئەوەی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی قەیراناوی خۆیدا وەڵامی پرسیاری «من کێم؟» بداتەوە, دەبوو «ئەویتر» دابهێنێ و وێنەی خۆی پێببەخشێ وەک نەیارێک.

[67] ئاراس فەتاح: ***«هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سێ بۆچوون»***، گۆڤاری ڕەهەند ژ. 7، 1999، ل 139.

بۆیە ئەگەر وێنەی «ئیمپریالیزم» یان «فورسە مەجووسەکان» وێنەیەکی ناجێگیرە و یەکەمیان بە کشانەوەی ئیمپریالیزمی داگیرکەر و دووەمیان بە کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆتایی پێدێت و کاڵ دەبێتەوە, ئەوە وێنەی کورد وێڕای مسوڵمان بوونەکەیشی، لە زەینی بەعسییەکاندا, وێنەیەکی جێگیرە و هەتا یەک کورد بمێنێت گۆڕانی ئیجابی بەسەردا نایەت. بەمجۆرەش وەک ئاراس فەتاح جوان بۆی چووە، بەلای بەعسییەکانەوە؛ کورد وەک بوونەوەرێک ئەگەرێکی ترسناکن: **«ئەگەرێکی واقیعین بۆئەوەی لە هەموو چرکەساتێکدا ببن بە دوژمنی پرۆژەی بەعس. بەعس دەبێتە ماڵێک کە بەتەنها جێگەی ئەو کەسانەی تێدا دەبێتەوە کە بەرگی دۆست لەبەر دەکەن»**[68]. ئەگەرچی پێویستە لەم بەکارهێنانەدا مانایەکی تایبەت بۆ ئیستعارەی «ماڵ» و «دۆست» لەبەرچاو بگرین، چونکە بەعس لەهەر ساتەوەختێکدا ئامادە بوو ئەو ماڵە بکاتە دۆزەخ، تەنانەت بۆ نزیکترین دۆست و ئەندامەکانیشی، وەکئەوەی بەسەر زاواکەی سەددام حسێن و سەدان بەعسی و هەزاران سەربازی عێراقی هات، ئەوکاتانەی سووکە گومانێکیان لێدەکرا. ئەمە جگەلەوەی بەعس کەسی وەک دۆست

[68] ئاراس فەتاح: ***«هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سێ بۆچوون»***، ل 141.

پێقەبووڵ نەدەکرا و ئەگەر ئەمەیشی قەبووڵ کردبا؛ تەنیا دوای ئەوە بوو کە بونیادە ئینسانیەکەی لێبەتاڵ بکاتەوە و لەسەر بنەما پەروەردەییەکانی خۆیەوە، سەرلەنوێ وەک بەعسییەک؛ بەرهەمی بهێنێتەوە[69].

ئێستا بەر لەوەی بێمە سەر باسکردنی ئەو قۆناغانەی کە تێڕوانینی بەعس بەرامبەر بە کورد دیاری دەکات، با بزانین بۆچی مسوڵمانبوونی کورد بەلای بەعسییەکانەوە هیچ بایەخێکی سەبارەت بە جێگیربوونی وێنەی ئەوان وەک «ئەویترێکی هەمیشەیی»، نییە؟

بەعس ڕژێمێکی ڕەگەز پەرست بوو. ئیسلامیش ئامرازێک بوو بە دەست بەعسییەکانەوە بۆ وەشاندنی ڕمبی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان. لە هزری بەعسدا, ناسیۆنالیزمی عەرەب لە ئیسلام لە پێشترە، چونکە بەلای بەعسییەکانەوە ئیسلام *وێنەیەکی ژیانی پەیامبەرە* و ژیانی پەیامبەریش *کورتکراوەی ژیانی عەرەبە*[70]. هەروەها ئەوان پێیانوایە ئیسلام ڕووداوێکە «**پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانی عەرەبەوە**» و «**نومایەکی ڕاستگۆیانەی ڕەمزیی و کاملّە لەسەر سرووشتی جەوهەریانەی عەرەب**»[71], بەلاّم میرات و کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلام لە هەمان کاتیشدا بەها و

69 صدام حسين: ***حول كتابة التاريخ***. دار الحرية للطباعة، بغداد 1979. ص 13 و بەرەو دوا.
70 ميشيل عفلق: ***في سبيل البعث*** . دار الطليعة، بيروت ط. الحادية عشر، ص. 125.
71 ميشيل عفلق: ***في سبيل البعث*** . ص 124.

نرخە کولتوورییەکانی عەرەب پێکدەهێنێ[72]. بۆیە ئیسلام بەلای بەعسییەکانەوە لەبەر ئەوە ئایینێکی مەزنە, چونکە توانیویەتی کولتووری (عەرەبیەت/عروبە) لەبەشێکی گەورەی دنیادا بلاّوبکاتەوە.

میشێل عەفلەق لە کتێبی «في سبيل البعث»دا, کە پاشتر بووە سەرچاوەی ڕۆحیی بەعسییەکان؛ پێیوایە: ئیسلام لە دایکبووی ژیاری عەرەبە و لە دایکبوونی پێغەمبەر بە لە دایکبوونی «عەرەبیزم» ناو دەبات[73]. لە شوێنێکی دیکەدا گوتویە: «**محەمەد بەرجەستەکەری هەموو عەرەبانە, لێگەڕێن لە ئەمڕۆشدا هەموو عەرەبێک ببێتە محەمەدێکی تر**»[74].

لەم تێڕوانینەدا, لەلایەکەوە هەوڵدانێکی جیدیی هەیە بۆ تێهەڵکێشکردنێکی بەعسیانەی نێوان چەمکی ئایین و چەمکی سیاسەت و لەوێشەوە سیاسیاویکردنی دین؛ لەلایەکی تریشەوە هەوڵدەدرێت ئایین ببەستێت بە ڕەگەزەوە. هەر ئەم تێهەڵکێشکردنەیشە وادەکات بەعسییەکان بەچاوێکی نزم تەماشای ئەوانە بکەن کە وەک غەیرە عەرەب مسوڵمان

72 ميشيل عفلق: المصدر السابق، صص. 201-208 و 209-217.
73 ئەم قسەیەی میشێل عەفلەق لەگەڵ ئەم ڕایەی (شافیعی)دا بەراوورد بکە، کە *ڕضوان السید* لە کتێبەکەیدا بەمجۆرە نوسیویەتیەوە: «فبقدر ارتباط العرب بالاسلام ارتبط الاسلام بهم. فليست الهوية الاسلامية هوية هوائية طائرة، بل انها مرتبطة باالعرب و العربية ارتباطا لا تنفصم عراه. فهم الاسلام و الاسلام هم او لسانهم». نقل عن: الشافعي: ***الرسالة***. تحقيق: احمد شاكر 1939م، ص42، رقم138. بڕوانە: رضوان السيد: ***مفاهيم الجماعات في الاسلام***(دراسات في السوسيولوجيا التاريخية للاجتماع العربي الاسلامي). بيروت 1993، ص 128.
74 ميشيل عفلق: ***في سبيل البعث***. ص 126.

بوون. چونکە ئەوەی شایەتمان بە ئایینی ئیسلام دەهێنێت, شایەتمان بەناو زمانێکدا دەهێنێت، یاخود بە زمانێک دەیهێنێت کە زمانی عەرەبە و بە پەیامبەرێکی دەهێنێت کە بەرجەستەکەری عەرەبایەتییە و هەڵبژاردنی عەرەبیش بۆ بلاوکردنەوەی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەزیلەتانەی کە تەنیا لە عەرەبدا بە کەماڵ گەیشتوون[75]. کەواتە شایەتمان هێنان و مسوڵمانبوونی ئەوانیتر بۆ ئەوەیە لەسایەی پێگەیشتن و کەماڵی فەزیلەتەکانی عەرەبدا، کەموکوڕییەکانی خۆیان پڕ بکەنەوە. بەخۆڕایی نیە بەعسییەکان بڕوایان وایە: ئیسلام لە نەتەوەی عەرەبدا نەبێت ئیمکانی سەرهەڵدانی نەبوو، بۆیە «**دەبێت تەنیا عەرەبەکان لەولاتی خۆیاندا سەرگەورە و بەهێز بن**»[76].

وەک دەبینین دوای ئەم تێهەڵکێشکردنە بەعسیانەیەی نێوان ئاین و ڕەگەز و بەخشینی وێنەیەکی ڕەگەزپەرستانە بە ئایین، مسوڵمانبوون بەس نییە بۆ ئەوەی عەرەبی بەعسی, بەرامبەرەکەی وەک «ئەویتر» تەماشا نەکات. مسوڵمانبوون لە ڕوانگەی بەعسییەکانەوە، تەنیا ئیعتیرافکردنێکە بە گەورەیی عەرەب و خۆ بچووکردنەوەیە لە ئاست «من»ی گەورەی عەرەبدا، هەڵبەت بەو تێگەیشتنەی بەعسییەکان بۆ چەمکی عەرەب هەیانبوو.

[75] میشیل عفلق: ***في سبيل البعث***. ص 127.
[76] میشیل عفلق: ***في سبيل البعث***. ص 128.

لە هەموو ئەمانەوە ئاشکرا دەبێت، کە بەعسییەکان هەرگیز نەیانویستووە و لە پرۆژەیاندا نەبووە کورد بەعەرەب بکەن, بەڵکو ویستوویانە لە کورد ئەویتری عەرەببوونێک دابتاشن کە بۆخۆیان بڕوایان پێی هەبوو. هەڵبەت مێژووی بەعەرەبکردنی کورد وەک زەمینە ڕەخساندنێک بۆ بەئەویترکردن، وەکو لە بەشەکانیتردا لێیدوام، پێشتر لەلایەن زانا و مێژوونووس و گەڕیدە عەرەبەکانەوە, دەستیپێکردبوو؛ بەڵام ئەوە تەنیا بەعسیەکانن کەوێنەی کورد دەکەنە وێنەی دووژمن, هەربۆیەش بەعسییەکان بەرجەستەکەرێکی مودێرنی عەرەبایەتین لە ئاستی سیاسی وئایدیۆلۆژیەتیکی ڕەگەز پەرستانەدا.

لێرەدا پێویستە ئەو گریمانەیە دووبارە بکەمەوە کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد و تیایدا گوتمان: بەعەرەبکردنی بەرایی هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئایین و خۆبەعەرەبکردنیش یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی. هەر بەهەمان شێوەش دەتوانین بڵێین: بەئەویترکردنیش پێشزەمینەیەکی مێژوویی خۆی هەیە کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەچێتەوە ناو کولتووری ناسیۆنالیزمی عەرەبی, بەڵام هەر بەئەویترکردنیشە کەدەبێتە پێشمەرج بۆ بەدووژمنکردن (کە یەکێک لە ئەنجامەکانیشی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵییەکان و کارەساتی هەڵەبجە بوو)، ئەمەش دوای ئەوەی بەعسییەکان سەرلەنوێ مێژووی ئیسلام و

مێژووی گەلی عەرەبیش بەپێی پرنسیپەکانی خۆیان دادەڕێژنەوە؛ تا تێگەیشتنێکی بەعسیانەی لەسەرەوە بینا بکەن. لەمبارەیەوە سەدام حسێن بە ڕوونیی دەڵێت: «**ئێمە پێویستیمان بەوە نیە مێژوو تەزویر بکەین، یان دروستیبکەین لە پێناوی ئەوەی خوێندنەوەیەکی بەعسیانەی بۆ بکەین، بەڵکو ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بە شێوەیەکی بەعسیانە لێی تێبگەین**.»[77].

کەواتە ئەگەر لێبووردەیی بەخەرج بدەین و بڵێین: بەعەرەبکردن و بەئەویترکردن هێشتا جۆرێ لە نەرمیی تێدایە چونکە لەناو خەیاڵ و یادوەریدا وەک "ئینسان" مامەڵە لەگەڵ بەرامبەردا دەکات، ئەوە بەدووژمنکردن، شەڕکردن و لەناوبردنی ئینسانییەتی بەرامبەرە لەسەر عەردی واقیع و سڕینەوەیەتی بەشێوەیەکی پراکتیکیانە. بەواتایەکی دی: ئەگەر گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەرپرسیار بێت لەوەی لەناو کەلتووری عەرەبیدا زەمینە خۆشبکرێ بۆ بەعەرەبکردن و بەئەویترکردنی کورد, ئەوە بەعسییەکانن کە ئەو پرۆژە ناسیۆنالیستیە دەکەنە پرۆژەیەکی ڕەگەزپەرستانە و لەسەر عەردی واقیع جێبەجێی دەکەن. وەلێ بەبێ وێناکردنەکانی کولتووری عەرەبی و عەقڵ و مێژووی عەرەبی بۆ کورد, بەعس

77 صدام حسین: ***حول كتابة التاريخ***. ص 23.

نەیدەتوانی پرۆژە کۆکوژی و ئەنفالیەکانی جێبەجی بکات و ئەم هەڕەشەیە لە سەر خۆی لابەرێت.

بۆیە لەگوتاری ڕگەزپەرستانەی بەعسدا, ئەو مەعریفەیەی کە کورد وەک مەترسی و هەڕەشە وێنا دەکات, مەعریفەیەک نیە بیەوێ *حەقیقەتی کورد* بناسێ, بەڵکو مەعریفەیەکە لە ئەنجامی عەقلانییەتێکی وێرانخوازی پرۆسەی بەئەویترکردنی کوردەوە بەرهەمهاتووە. عەقلانییەتێکی ئەوتۆ، کە سەراپای ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرستانەی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی داگیرکردووە و هەر بەپشتیوانیی ئەو عەقلانییەتەش بەعسییەکان مرۆڤی کۆمەڵگای عێراقی و عەرەبییان گۆشکرد.

بەعسیەکان بەم وێناکردن و بە پشتیوانی ئەو مەعریفەیە ڕووبەڕووی کورد دەبوونەوە و بەو پێیەش جگە لە شێواندن و سڕینەوەی مێژوو، ڕەچەڵەک و کولتووری کورد وەک دوژمنێک, نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەم میللەتە «مسوڵمانبووە»دا پەیوەندییەکیان هەبێت.

نمونەی کوردناسیی بەعسیەکان:

ئەگەر مەعریفەی بەعسییەکان بۆ تێگەشتن لە حەقیقەتی کورد نەبێت، ئەوە کوردناسییەکیش کە ئەو مەعریفەیە بەرهەمی هێناوە، کوردناسییەکی پێچەوانەو شێوێنەرە و ئامانجی ئەوەیە هەموو متمانە بەخۆبوونێک لەم میللەتە

بستێنێتەوە. هەر بەڕاستیش بەعسییەکان کاریان بۆ ئەمە کردووە و ویستوویانە ناسنامەی کوردی لە بناخەوە هەڵبوەشێنن و کورد لە شوێنێکدا تێکبشکێنن کە هەستانەوەی ئاسان نەبێت. یەکێک لەو بەرهەمانەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە و نمونەیەکی بەرجەستەی کوردناسیی بەعسییانە پێکدەهێنێت، بەرگی سێیەمی کتێبەکەی «*دکتۆر ناجی مەعرووف*»ە، کە مامۆستای ژیاری عەرەبیی زانکۆی بەغدا و ئەندامی کۆڕی زانستی عێراق و ئەندامی کۆڕی زمانی عەرەبییە لە دیمەشق. (ئیدی پێویست بەوە ناکات باس لە پێگە حیزبییەکانی بکەین)[78].

هەڵبەتە بێهۆ نییە من لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم کتێبە بە نمونەی کوردناسیی بەعس دەهێنمەوە، چونکە لە ڕێگەی ئەم نمونەیەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە چۆن ئەم کوردناسییە بە نییەتێکی بەعسیانەوە مێژوو دەخوێنێتەوە و لەهەمان کاتیشدا پەیوەندییەک لەگەڵ پرۆژەی بەعەرەبکردنی سەرەتادا، کە ئەو هەمووە سەری خوێنەرم پێوە هێشاند، دروستدەکات. لەلایەکی تریشەوە، دەڵێی ئەم کتێبە دەقاو دەق بۆ وەدیهێنانی ئەو قسەیەی سەدام حسێن نووسراوە کە تیایدا داوای دەکرد: *ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بەشێوەیەکی بەعسیانە لە مێژوو تێبگەین، نەک مێژوو*

[78] د. ناجي معروف: ***عروبة العلماء المنسوبين الي البلدان الاعجمية في بلاد الروم و الجزيرة و شهرزور و اذربايجان.*** الجمهورية العراقية، وزارة الثقافة، دار الحرية للطباعة 1978 ج 3.

تەزویر بکەین، کە هەڵبەت ئەمە درۆیەکی گەورەی بەعسییەکان بوو!

لەڕاستیدا چیدی بەعسییەکان، بە پێچەوانەی عەرەبە مسوڵمانەکانی بەرێ، نایانەوێ و نەیاندەویست کورد بخەنە ناو قەفەسە ئاسنینەکەوە و دەستەمۆی بکەن و خودی خۆی لەبیر ببەنەوە. بەڵکو پرۆژەی بەعسییەکان، چ لەڕووی تیۆری و چ لەسەر ئاستی پراکتیکی، ئەوە بوو قەفەسە ئاسنینەکە بتوێننەوە، نەک هەر بۆ تێگەیشتنێکی بەعسیانە لە مێژوو، بەڵکو بۆ تەزویرکردنی مێژوو و بۆ دروستکردنی مێژوویەکی بەعسیانەش لە داهاتوودا تا بەهۆیەوە ئینکاریی بوونی کائینێک بکەن بەناوی کورد.

دکتۆر ناجی مەعروف، بەپێی تێگەیشتنە تایبەتییەکەی بۆ مێژوو، لەسەرەتاوە دەیەوێت زۆربەی ئەو ڕێگایانە دابخات کە ئەگەری بوونی کورد لەسەر جوگرافیایەک دەسەلمێنن. ئەو پێیوایە دوای ئەوەی کە نفوزی عەرەبیش (لەو شوێنانەی کە ناوچە کوردییەکانن) نەما و دەسەڵاتی عەرەبی لاواز بوو، کەچی هێشتا و هەتا ئێستاش (مەبەستی ساڵی نووسینی کتێبەکەیەتی: 1978) پاشماوەکانیان لە هەموو شوێنێک ماون[79]. وەک ئاشکرایە ئەم تێگەیشتنە ڕێگە خۆشکردنێکە تا نووسەر پێمان بڵێت: ئەو کەس و زانایانەی لە کتێبەکەیدا باسیان دەکات، دواجار عەرەبن و پرۆژەی

[79] د. ناجي معروف: ***عروبة العلماء المنسوبين الي البلدان الاعجمية في بلاد الروم و الجزيرة و شهرزور و اذربايجان.*** ج3، ص 8.

ئەویش بریتیە لە زیندووکردنەوەی ڕەچەڵەکی ئەوان و ڕزگارکردنیان لەو ڕەچەڵەکە ناعەرەبیانەیەی دراوەتە پاڵیان و ئەمەشی لە ناونیشانی کتێبەکەیدا بەرجەستە کردووە.

هەرچی سەبارەت بە بنەچە و ڕەچەڵەکی کوردانیشە، ئەگەرچی نووسەر لە ئێستادا دەژی، یان نووسینەکانی نزیکن لەسەردەمی ئێستاوە، کەچی هێشتا هەر پشت بە نوسینی مێژوونووسە عەرەبە دێرینەکانی وەک «ابن حەوقل، مەقریزی و مەسعودی) دەبەستێت و بە عەرەبیان لەقەڵەم دەدا[80]، مەسەلەیەک، کە تەنانەت ئەوانیش بەتەواوی دڵنیا نەبوون لەو زانیاریانەی بۆ هەمان مەبەست کۆیانکردوونەتەوە و ڕیوایەتیانکردوون؛ بەتایبەتی مەقریزی.

وەک نمونەیەک بۆ عەرەببوونی کورد لە تێگەیشتنە بەعسیانەکەی مەعرووفدا و وەک هەوڵدانێکیش بۆ تەزویرکردنی مێژوو، نمونەی هۆزی «گەلاڵیەکان/جلالیون» نمونەیەکی بەرجەستەیە. ئەو دەیەوێت بیسەلمێنێت، ئەم هۆزە کوردییەی لە خۆرهەلات و باشووری کوردستان دەژین، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ «عبد گلال» کە پادشایەکی (حمیری)یەکانی یەمەنە و لەسەرچاوەکاندا بە «العرب

[80] د. ناجي معروف: ***عروبة العلماء المنسوبين الي البلدان الاعجمية في بلاد الروم و الجزيرة و شهرزور و اذربايجان.*** ج. 3، ص 97.

البائدە» واتە بە عەرەبە لەنێوچووەکان؛ ناویان دەبرێت![81]، کە بێگومان ئەم ئاماژەدانە هەر ئاوا بێگوناهانە نییەو گەرەکیەتی بەهۆیەوە پێمان بڵێت: بەپێی لۆژیکی مێژووییانەی بەعس دەبوو ئەم هۆزە وەک نەژادە لەناو چووەکەیان، لەناو چووبان.

شتێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لە کتێبەکەی دکتۆر ناجی مەعروفدا، ئەو هێرشە توندەیەتی بۆسەر مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، وەرگێڕی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی عەرەبی[82]. عەبباس بە توندی ڕەخنە لە مەلا جەمیل دەگرێت و لەو بڕوایەدایە هەرکەسێ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی شەرەفنامە بخوێنێتەوە، بەهەڵەدا دەبرێت بەوەی ئەو میرنشینانەی شەرەفخانی بەدلیسی باسیکردوون، کوردن. لەکاتێکدا بە ئیدیعایەی نووسەر و هەر بە پشتبەستن بە بەدلیسی خۆی، کە لەسەردەمی بەر لە پەیدابوونی ناسیۆنالیزم کتێبەکەی نوسیوە، ئەو هۆزانە عەرەبی ڕەسەنن[83].

لە دیارترینی ئەو میرنشینانەی کە مەعروف لەو بڕوایەدایە بە ڕەچەڵەک عەرەبن، دەتوانین میرنشینی سۆران، بادینان و هەکاری ناو بەرین[84]. ئەمجا هەر

[81] هەمان سەرچاوە، ج 3، ص 100.

[82] کە هەر بەعسیەکان بۆخۆیان لە بەغدا بەشێوەیەکی کوشتیان.

[83] لەبارەی ڕەخنەکانی د. ناجی معروف لە مەلا جەمیل بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ص 110-112.

[84] د. ناجي معروف: ***عروبة العلماء المنسوبين الي البلدان الاعجمية في بلاد الروم و الجزيرة و شهرزور و اذربايجان.*** ج. 3، ص 112-113.

بەمەشەوە ناوەستێ و کۆتایی ڕەخنەکانی لە مەلا جەمیل بەوە دەهێنێتەوە، کە بڵێت: ئابەمجۆرە ئەو کتێبەی وەرگێڕ (واتە مەلا جەمیل) پێیوایە لەبارەی مێژووی میرنشینە کوردییەکانەوەیە، لەواقیعدا لەبارەی میرنشینە عەرەبییەکانی باکوری عێراقەوەیە[85]. ئەم جورئەتە لە شێواندنی مێژوودا تەنیا لە کەسێک دەوەشێتەوە، هەمان تێگەیشتن و ڕقی لە مرۆڤی کورد هەبێت، کە جەللادێک لە بەندیخانە و ئەنفالەکاندا هەیبوو.

وەلێ نووسەر هەر بەمەشەوە ناوەستێ و کۆمەڵێ کەسایەتی ناوداری کورد لەناوچەی هەولێر و شارەزوور و ئامێدیش بە ڕەچەڵەک دەباتەوە سەر عەرەب، یان هەر لە بنەماوە بە عەرەب لەقەڵەمیان دەدات، لەوانەش: شێخ عودەی کوڕی موسافیری هەکاری[86]، مەولانا خالیدی نەقشبەندی[87] و شێخ مارفی نۆدێیی[88].

دواجار تێگەیشتنە بەعسیانەکەی مەعروف بۆ مێژوو، وای لێدەکات حوکمێکی کۆمیدیانەی وا دەربکات، کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نمونەی دەگمەنە. ئەو دەڵێت: هەرکەسێک نازناوی "شەریف" بێت، یان "سەیید" بێت، لە

85 د. ناجي معروف: ***عروبة العلماء المنسوبين الي البلدان الاعجمية في بلاد الروم و الجزيرة و شهرزور و اذربايجان***. ج. 3، ص 116.

86 هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 140.

87 هەر ئەو سەرچاوەیە، لاپەڕە 203.202

88 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 205.204

بنەچەدا عەرەبە (جا لەهەر تیرە و هۆز و بنەماڵەیەکی عەرەب بێت)[89].

هەموو ئەم پرۆژەیە و پرۆژەی دیکەی لەم بابەتە بە پشتبەستن بە مەعریفەیەکی ڕەتکەرەوەی شێوێنەر، کوردناسیی بەعسییەکان پێکدەهێنێت. ئەم کوردناسییە لەسەرێکەوە خۆراک لە سەرچاوە کۆنەکان وەردەگرێت (بێ گوێدانە شوێن و کاتی بەرهەمهێنانیان و ماناکانی بەعەرەبکردنی بەرایی)، کە بەعەرەبکردن ئامانجیان بوو، لەسەرێکیشەوە خزمایەتی لەگەڵ پرۆسەی خۆبەعەرەبکردنی کورداندا دەبەستێ و ئەو «نەزانییە»ی لەناو ئەو پرۆسەیەدا بەرهەمهاتووە، هەڵدەگێڕێتەوە بۆ «حەقیقەتێک» کە گوایە کوردەکان لەبارەی خۆیانەوە گوتویانە و نووسیویانە. هەر لێرەشەوەیە کە مەعروف دەتوانێت بڵێ، شەرەفنامە مێژووی میرەکانی کورد نیە، بەڵکو هی میرنیشینە عەرەبەکانی باکوری عێراقە!

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت جیاوازیی بنەمایی نێوان گوتاری خۆبەعەرەبکردنی کورد و کوردناسیی بەعسییەکانمان لەبیر بچێت، (کە دەتوانین بە گەڕانەوەی گوتاری بەعەرەبکردنی دواییش ناوی ببەین). ئەو جیاوازییەش لەوەدایە کە کورد دەیەوێت لە ڕێگەی قەبووڵکردنی پرۆسەی خۆ بەعەرەبکردنەوە، مانەوەی خۆی دەستەبەر بکات و جۆرێ

89 هەرئەوێ، ج. 3، لاپەڕە 266.

له شانازی بەدەست بهێنێت. لەکاتێکدا گوتاری کوردناسیی بەعسییەکان، زەمینە خۆشدەکات بۆ سەندنەوەی هەموو شانازییەک لە کورد و ڕێگا خۆشدەکات بۆ سڕینەوەی گشت شوێنەوارە مادیی و مەعنەوییەکانی ئەم میللەتە. ئەو ئەنجامەی لە بەراووردکردنی ئەم دوو گوتارەوە (خۆبەعەرەبکردن و کوردناسیی بەعس) بەدەستی دەهێنین ئەوەیە: یەکەمیان لە چوارچێوەیەکی سۆزگەرایی ئایینیدا دەمێنێتەوە و دووەمیشیان پرۆژەیەکی عەقلانیانەی وێرانکەرە. بۆیە پێویستە لە بەعسناسیی کوردا، دەستبەرداری ئەو وێنە باوە ببین کە بەدرێژایی شەڕی ڕزگاریخوازی و لە ڕاگەیاندنی حیزبەکانەوە، بەعسییەکانی وەک مرۆڤی «ناعەقلانی» پێناسە کردووە.

کوردناسیی بەعسییەکان پرۆژەیەکی عەقلانیانەیە کە ئیشیکردووە بۆ شێواندنی مێژوو، بەسیاسیکردنی ئایین و بەخشینی کاراکتەرێکی ڕەگەزپەرستانەی تۆتالیتاریانە بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە تێڕوانینیاندا بۆ مەسەلەی کورد. لە ئاستی جوگرافیشدا هەمیشە جوگرافیای دەوڵەتی عێراقی وەک «بەشێکی جیانەکراوە لە نیشتیمانی گەورەی عەرەب» پێناسە کردووە و لەم ڕێگەیەشەوە کاریکردووە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو فرەییەک لە عێراقدا، بەبێ

لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە ئەتنیکیەکان و هەموویانی لە ژێر ناوی «گەلی عێراق/الشعب العراقی»دا ڕاپێچکردووە[90].

بۆیە کوردناسیی بەعسیەکان هیچ کامێک لەو ڕێسایانەی بەسەردا پراکتیزە ناکرێت کە (تزفیتان تۆدۆرۆڤ) بۆ ناسینی (ئەویتر) باسیان دەکات. چونکە ئەو کوردناسییە لە بنەمادا بۆ ناسین نیە، هێندەی ئەوەی بۆ لەناو بردنی کوردە وەک دووژمنێک.

تۆدۆرۆڤ سێ پانتایی یان سێ ئاست بۆ توێژینەوە لە ئەویتر, یان «ئەویترناسیی مەعریفی» دیاری دەکات کە ئەمانەن:

یەکەم: ئاستی بەها ناسی (ئەویتر باشە یان خراپە؟).

دووەم ئاستی ڕەفتارناسی (ئایا بەهاکانی ئەویتر قەبووڵ دەکرێن؟ ئەویتر وەک خۆمان وایە؟ یاخود دەبێ خۆمانی لێ بەدوور بگرین؟)

سێهەم: ئاستی مەعریفی (ئایا تا چەندە شارەزایین بە ئەویتر، یان تا چەندە نەزانین بەرامبەر بە ئەویتر؟)[91].

هەروەکو پێشتر نوسیم: کوردناسیی بەعسیەکان لەسەر بنەمای مەعریفەیەکی شەڕانیەوە بەرامبەر بەکورد بەرهەمهاتووە، نەک مەعریفەیەکی ئاڵوگۆڕکەر. لەناو ئەو مەعریفە شەڕانیەشدا «کورد» هەرگیز وەک بوێکی

[90] صدام حسين: ***حول كتابة التاريخ***. ص 18.

[91] مهرزاد بروجردی: ***روشنفكران ايرانى و غرب***. ل 16.

سەربەخۆ و خاوەن ئازادیی قسەی خۆی، وێنە نەکراوە, بەڵکو هەمیشە «بەئەویتر کراوە» بۆئەوەی دواجار «بەدوژمن بکرێ» و لەم ڕێگەیەشەوە پرۆژەی لەناو بردنی سیستەماتیکیانەی بەشێوەیەکی عەقڵانی و بە تازەترین ئەو چەکە کۆکووژیانەی دەوڵەتانی وەک ڕووسیا دەیاندایە جێبەجێ بکرێت. لە شەڕیشدا لەگەڵ ئێران (1980ـ 1988) ئەمەریکاش پشتگیریی لێکرد و لە نزیکەوە هاتە مەیدانەوە.

بە بۆچوونی من لە کوردناسیی بەعسدا، سێ قۆناغ هەیە کە تیایدا بەعسییەکان، بە پشتبەستن بە تێگەیشتنێکی بەعسیانە بۆ ئەو کولتووورە عەرەبییەی تیایدا وێنای کورد کراوە، کورد بەئەویتر دەکەن؛ تا بتوانێت دواجار بیخاتە خانەی دووژمنەوە. ئەو سێ قۆناغەش ئەمانەن:

یەکەم قۆناغ: کورد وەک بابەتێک «ئۆبژە» بۆئەوەی بەعسییەکان ئیعترافی لێوە بەدەست بهێنن بۆ گەورەکردنی «من»ی عەرەبیانەی خۆیان. ئا لێرەدا ئیسلامی بەرایی ئیلهامبەخشی بەعسییەکانە: هەردووکیان ئەویتر ناچار دەکەن تا شایەتمانیان پێ بهێنێ و بەمەش بچووکیی خۆیان لە ئاست «من»ی عەرەبیی ئیسلامییدا، ڕابگەیەنن. دەکرێ بەم قۆناغە بگوترێ قۆناغی خۆگونجاندنی دوای گرژییەکان. لەم قۆناغەدا بەعس پرۆسەی بەبەعسیکردن دەستپێدەکات و بەعسییەت دەبێتە ئینتیمای یەکەم لە عێراقدا، هەروەکچۆن لەسەردەمی فتوحاتدا ئینتیمای یەکەم لەڕێگەی شایەتمانهێنانەوە بوو. ئەمە ئەو قۆناغەیە کە بەعسییەکان

دەیانەوێت سنووری نێوان «ئێمە» و «ئەوان» شەففاف و ڕوون ببێتەوە و کەس نەمێنێت لەدەرەوەی سنوورەکە بێت[92].

دووەم قوناغ: ئەو قۆناغەیە کە تیایدا کورد وەک«ئەویتر» مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؛ کە بەعس پێوستی پێیەتی بۆ دڵنیابونەوە لەگەورەیی خۆی. لەم قوناغەدا (من)ی گەورەی بەعس جۆری لە ماف دەداتە کورد و سیمایەکی «بەخشندەئاسا» بۆخۆی دروستدەکات و دەیەوێ لە سەقامگیریی ناسنامەی خۆی دڵنیا بێتەوە و ململانێ ناوەکیەکان کپ بکاتەوە. دەکرێ بەم قۆناغە بگوترێ «*قوناغی خۆڕازیکردنی بەعس سەبارەت بە کورد*» وەک ئەو قۆناغەی کە تیایدا ڕەزامەندیی لەسەر بەیاننامەی یازدەی ئازاری (1970) دەربڕی.

سێهەم قوناغ: بەڵام لەقۆناغی خۆ ڕازیکردنی بەعسدا, «ئەویتر»، کە کوردە، ڕازیی نابێت و بەردەوامە لەململانێکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی و ئەگەری ترسناکبوونی زیاتر دەبێت. بۆیە بەعس جارێکی دی ناسنامەی خۆی لە ئاست گروپێکی گەورەی ناوخۆییدا, لە قەیراندا دەبینێت و ئەمجا لە سیاسەتی خۆیدا، کورد لە قۆناغی «بەئەویترکردنەوە» دەگوێزێتەوە بۆ قۆناغی

[92] ئاراس فەتاح: «***هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سێ بۆچوون***». سەرچاوەی پێشوو، ل 141 و پاشتر.

«بەدووژمنکردن»: دووژمنێک کە دەبێت بەهەموو شێوەیەک لەناو ببرێت، چونکە ئیتر بۆتە ئەگەرێکی ترسناک. گرنگترین پڕۆژەکانی بەعس لەم قۆناغەدا، بریتین لە: ڕاگواستنی زۆرەملەی گوندەکان, دەرکرنی کوردە فەیلیەکان, ئەنفالی بارزانییەکان, کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی دواتر... ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم قوناغەدا بەعس، کورد نەک هەر وەک دووژمنی عەرەبایەتی وێنا دەکات و بانگهێشتنی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبی دەکات بۆ بەشدار بوون لە پاکتاوکردنیاندا، بەڵکو وەک دووژمنی خوداش دەیخاتە بەردەم شاڵاوەکانی «ئەنفال» و بەمەش شەڕێکی پیروز لەدژی بەرپا دەکات . شەڕێک کە داوا دەکات ڕۆڵە مسوڵمانەکانی عەرەب بەشداری تێدا بکەن و هەرەیەکەیان ببنەوە بە محەمەدێکی تر، وەکئەوەی عەفلەق ئاواتی دەخواست.

پێنجەم: بۆ ببمەوە بە عێراقی؟!

پرۆژەی بەعەرەبکردن و خۆبەعەرەبکردن و دواجار پرۆژەی کوردناسیی بەعسییەکان میراتێکی تراژیدیانەیان بۆ بەجێهێشتووین: یەکەمیان لەسەر دەستەمۆکردن و دووەمیان لەسەر خۆفەرامۆشی و سێهەمیشیان لەسەر سڕینەوەی خودی کوردی ئیشیانکردووە. ئەوەی یەکەمیان کوردی وەک نێچیرێک بینیوە کە ویستویەتی ماڵیی بکات و بۆ ئەمەش هاتووە قەفەسێکی ئاسنینی بۆ دروستکردووە و هەوڵیداوە بیخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە بەرژەوەندییەکانی

لەوەدایە بچێتە ناو ئەو قەفەسەوە چونکە تەنیا لەوێدا بەرژەوەندیەکانی دەپارێزرێن و مانەوەی دەستەبەر دەبێت. دووەمیان بە تێپەڕینی کات ئەو بانگهێشتنەی قەبووڵکردووە و چۆتە ناو قەفەسەکەوە. سێهەمیشیان بە سوود وەرگرتن لە پرۆژەی یەکەم (بەعەرەبکردن)؛ دوای شێواندن و دابڕکردنی لە هەل و مەرجە مێژووییەکانی، هاتووە شێوەیەکی بەعسیانەی ڕەگەزپەرستانەی پێبەخشیوە و وەک پشتیوانەیەکی مێژوویی بەکاریهێناوە بۆ شەرعییەتدان بە پرۆژەکەی خۆی کە بریتیبووە لە بەئەویترکردن و بە دوژمنکردنی کورد.

ئەگەر پرۆژەی یەکەم، واتە بەعەرەبکردن، لە چوارچێوەی پانتاییەکی سیاسی ـ ئایینی (فتوحات و بەئیسلامکردن)دا ئەنجامدرابێت؛ ئەگەر خۆبەعەرەبکردنیش زیاتر لەسەر بونیادی دەروونیی و مەعنەوی لاوازکراوی کورد بەئەنجام گەیشتبێت و کوردیش لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا هاتبێتە سەر ئەو بڕوایەی کە ژیانی ناو قەفەسە ئاسنینەکە وەک «حەقیقەت»ی ژیان پەسەند بکات؛ ئەوە پرۆژەی سێهەم بەسوودوەرگرتن و شێواندن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو دووانەی یەکەم، توانیویەتی «بەئەویترکردن» و «بەدوژمنکردن» و سڕینەوە لەسەر عەردی واقیع و لە چوارچێوەی جوگرافیایەکدا جێبەجێبکات، کە خاکی «عێراق»ە. لێرەشەوە ئەگەر تا ئێستا لە قسەکانماندا مانایەکی مەجازیمان بۆ دەستەواژەی «قەفەسی ئاسنین»

لەبەرچاو گرتبێت، ئەوە بە دامەزرانی دەوڵەتی نوێی عێراق و لەسەر دەستی ڕژێمە یەکبەدوای یەکەکانی ئەم وڵاتە، بەتایبەتیش لەسەر دەستی بەعسییەکان؛ عێراق بۆ کورد دەبێتە قەفەسێکی ڕاستەقینەی ئاسنین کە هیچ مانایەکی مەجازیانە هەڵناگرێت.

بەعسییەکان، هەروەک چۆن مانایەکی تایبەتیان بە ئیسلام و کولتوری عەرەبی بەخشی و بە گوتەی سەدام حسێن: «تێگەیشتنێکی بەعسیانە»یان لەسەر بەرهەمهێنا؛ ئاواش چەمکی دەوڵەتی «عێراق»یان لە ناوێکی جوگرافییەوە، کە ئەویش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دروستکرابوو، کرد بە چەمکێکی ڕەگەزپەرستانە و بەڕاستیی کردیانە ئەو قەفەسە ئاسنینەی کە چیدی تیایدا مسوڵمانبوون و خۆبەعەرەبکردن و بەعێراقی بوون و تەنانەت قەبووڵکردنی ئۆتۆنۆمیش، وەک پرۆژەیەکی کارتۆنیانەی بەعس، شەفاعەتیان بۆ کورد نەدەکرد...

عێراق بۆ بەعسییەکان، ئەو پانتاییە جوگرافیە بوو کە جەوهەرەکەی، پیش ئەوەی شوێنێیک بێت بۆ ژیانی فرەڕەنگیی ئینسانەکان و حەوانەوە و ئاساییش؛ لەوەدا بوو کە «بەشێکی جیانەکراوە بێت لە نیشتیمانی گەورەی عەرەب» و بگرە «پاسەوانی دەروازەی خۆرهەڵاتی ئەو نیشتیمانەش بێت»: «حارس البوابة الشرقية للوطن العربي». ئالێرەشەوە بەعسییەکان عێراقیان کردە سەنگەرێ بۆ

شەڕکردن لەگەڵ هەموو ئەو دوژمنە ڕاستەقینە و وەهمیانەی کە ڕۆژگارێک چاویان دەبڕیە ئەم جوگرافیا گەورەیەی کە ناوی نیشتیمانی عەرەب بوو. بەڵام ئەم نیشتیمانە گەورەیە بەدەست نەخۆشییەکی کوشندەوە دەیناڵاند کە ئەویش پارچەپارچەیی و نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی بوو، بۆیە بەعسییەکان لە ئەدەبیات و میتۆدی پەروەردەییانەی خۆیاندا و بە زمانێکی تایبەت[93]، نیشتیمانەکەیان بە «خێزان»ێک دەچوواند، کە دەبوو ئەندامەکانی ناوی (عەرەبەکان) ببنە سەربازێک و یەکێتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، چونکە ئەوان هەڵگری پەیامێکی عەرەبیانەی نەمرن: «امة عربية واحدة، ذات رسالة خالدة»[94]

[93] زمانی بەعسیانەی میشێل عەفلەق جیاوازە لە تێگەیشتنی سەدام حسێن بۆ ئەو زمانەی پێویستە لە ڕێگەیەوە بیروڕاکانی بەعس دەر ببڕدرێن. لەلای عەفلەق زمان دەبێتە ئامرازێک کە ڕاستیەکانی ڕابردووی عەرەب بە ڕەنگ و بۆیەکی نیمچە فەلسەفی و فیکری و بەبێ بەڵگەکاری، دەگوازێتەوە بۆ نەوەی نوێ. لە کاتێکدا سەدام حسێن نەفرەت لە زمانی ئیستیدلالی و فەلسەفی دەکات و پێیوایە دەبێت بیروڕاکانی بەعس بە ساکارترین شێوە، تەنانەت بۆ منداڵانی کەمتەمەنیش، بەرجەستە بکرێن. لەمبارەیەوە بڕوانە: صدام حسين: ***حول كتابة التاريخ***. سەرچاوەی پێشوو، ل14.

[94] سەبارەت بە گرنگیی ئەم درووشمانە لە فیکری بەعسدا بگەڕێوە بۆ: حزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القومية: ***المنهاج الثقافي المركزي***، كتاب الاول، بغداد 1977، ص 59–60 و ص 71– 78و هەروەها ص 179–182.

دوو دانە لەو ڕەهەندە گرنگانەی کە بەعسییەکان بەلایانەوە وا بوو یەکێتی نەتەوەیی عەرەب دابین دەکەن، چەمکی عەرەبایەتی «عروبة» و چەمکی «ئیسلام» بوون. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە عەرەبایەتی بەلایانەوە لە ئیسلام کۆنتر و ڕەسەنتریش بوو، چونکە لەلایەکەوە، ئیسلام بووە هۆی ژیاندنەوە و نوێکردنەوەی عەرەبایەتی[95] و لەلایەکی دیکەیشەوە، وەک مێشیل عەفلەق دەیگوت: ئیسلام لە ناو نەتەوەی عەرەبدا نەبایە سەریهەڵنەدەدا و ئەمەیشی دەبەست بەو فەزیلەت و خەسڵەتانەی لە عەرەبدا نەبێت لە هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا نین[96]. لەلای سێهەمیشەوە عروبە خەسڵەتی کەماڵ و لوتکەی پێگەیشتنە؛ کەواتە جەوهەرێکی نەگۆڕە، لە کاتێکدا ئیسلام ڕەهەندێکی *دواکەوتوانە* و ڕەهەندێکی *شۆڕشگێڕانە*یشی هەیە[97]. کەواتە لە ڕوانگەی عروبەویانەی بەعسییەکاندا ڕەهەندی شۆڕشگێڕانەی

[95] میشیل عفلق: ***في سبيل البعث***. ص 126 و بەرەو دوا

[96] ئەم گوتەیەی عەفلەق لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەی (ئەبو حەیانی تەوحیدی) بەراوورد بکە، کە تیایدا دەڵێت عەرەب: «اعقل الامم لصحة الفطرة، واعتدال البنية، وصواب الفكر، و ذكاء الفهم». بڕوانە: رضوان السيد: ***مفاهيم الجماعات في الاسلام***(دراسات في السوسيولوجيا التاريخية للاجتماع العربي الاسلامي). بيروت 1993، ص 129. ئەویش لە: ابو حيان التوحيدي: ***الامتاع والموآنسة*** 89/1 وەریگرتووە.

[97] میشیل عفلق: ***في سبيل البعث***. ص 209–217. دەبێت ئەوە بەیادی خوێنەر بهێنمەوە کە هەڵوێستی عەفلەق سەبارەت بە ئایینی ئیسلام لە نێوان ساڵانی 1943 بۆ 1956 گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئیسلام: «**بزاڤێکی عەرەبییە، ئەو زمانەی پێی هاتۆتە خوارەوە عەرەبییە، تێگەیشتنی ئیسلامیانە بۆ شتەکان بەچاوێکی عەرەبیانەیە و مسوڵمانیش بێجگە لە عەرەب کەسیتر نیە**»[98] جێی سەرنجە کە ئەم بزاڤە عەرەبیە هەر تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی نیە تا «**بۆ عیبرەت وەرگرتن و شانازی پێوەکردن یادی بکرێتەوە؛ بەڵکو ئامادەییەکی هەمیشەییە لە نەتەوەی عەرەبدا** (استعداد دائم في الامة العربية) ـ **ئەگەر لە ئیسلام بەوجۆرە تێگەیشت کە لە حەقیقەتی خۆیدا هەیە**ـ»[99]. بێگومان حەقیقەتی ئیسلام بە تێگەیشتنێکی بەعسیانەی ڕەگەزپەرستانە و لە ئەنجامی سیاسیاویکردنیەوە، وەکئەوەی پێشتر قسانمان لەبارەوە کرد.

بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی بەعسیانە لەسەر عێراق، کاری بەردەوامی زیاتر لە سی و پێنج ساڵی بەعسییەکان بووە. ئەگەرچی ئەوان زۆر پێشتر کاریانکردووە بۆ ڕەگەزپەرستانەکردنی ئیسلام و کولتووری نەتەوەی عەرەب و بەئایدیۆلۆژیکردنی عروبە. ئەو سی و پێنج ساڵەی بەعسییەکان لە عێراقدا حوکمیانکرد، زۆر بە وردی کاریانکرد بۆ گەڵاڵەکردن و بەرجەستەکردنی تێگەیشتنێکی بەعسیانە لە بیرکردنەوەی گرووپێکی کۆمەڵایەتی گەورەی ناوەوە و دەرەوەی جوگرافیای ئەم وڵاتەدا و هەوڵیاندا

[98] میشیل عفلق: ***في سبيل البعث***. ل 127

[99] میشیل عفلق: ***في سبيل البعث***.ل 125

چەمکی «عێراق» لە پانتاییەکی جوگرافی - ژیاریی - ژینگەییەوە بگوێزنەوە بۆ پانتاییەکی سیاسیی دەمارگیرانەی شەڕخواز. کارکردنی بەعسییەکان کارکردن بوو بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی پەروەردەکراو، کە بتوانێت بەعسیانە بیر لە چەمکەکانی وەک «یەکێتی عەرەب، نەتەوەی عەرەب، نیشتیمانی عەرەب، عێراق، گەل...» بکاتەوە[100]

بەلایکەمەوە نەوەیەک، یان بابڵێین گرووپێکی گەورە لە هاووڵاتیانی وڵاتانی عەرەبیی دی، بەم تێگەیشتنە کاریگەر بوون و نەوەیەک لە هاووڵاتیانی عێراقیش، لەناو ئابڵۆقەیەکی پەروەردەییانەی بەعسییەکاندا چاویانکردەوەو بەشێکی زۆری ئەو چەمکانە لە زەینی ئەواندا و لە تەمەنێکی زووی منداڵییەوە، بەو مانایانە بەرجەستەبوون کە بەعس پێی بەخشیبوون. واتە هەمان چاویلکەی بەعسیان کرایە چاوو هەر بەو چاویلکەیەش ئەو چەمکانە دەخوێننەوە. واتە هەمان مانایان بۆ یەکێتی خاکی عەرەب و نیشتیمانی عەرەب و پیرۆزیی شوێنگەی عێراق و مێژووی نەتەوەی عەرەب هەیە، کە بەعسییەکان بە پێی خەسڵەتەکانی ڕێبازە تایبەتیەکەی خۆیان بەرهەمیان هێنابۆوە. ئەو ڕێبازەش وەک سەدام حسێن دەڵێت: **«ڕێبازێکی تەحلیلیانەی مێژوو بوو نەک گێڕانەوەی**

[100] صدام حسين: ***حول كتابة التاريخ***. ص 14-15.

ڕووداوەکان. تا ئەو تەحلیلکردنە بتوانێت هەمان ئەو خەسڵەتانە بداتە مێژوو، کە لە تیۆرەی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستیدا هەن»[101]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەعس فریای ئەوە کەوت دزە بکاتە ناو «هابیتۆس»[102]ی گرووپێکی گەورە لە مرۆڤی عێراقی و عەرەبییەوە و ئەو شوێنە لە کەسایەتی ئەوان داگیر بکات، کە تیایدا جیهابینی و خوو و ڕەفتار و توانای نرخاندنیان بۆ شتەکان شێوەی خۆی دەگرێت. ئێستا ئەو گرووپە گەورەیە، کە تەمەنی

[101] صدام حسين: ***حول كتابة التاريخ***. ص 23.

[102] ***هــابیتۆس*** زاراوەیـەکی کۆمەڵناسـی فەرەنسـی (پـیر بۆردیـۆ)یـە. بـەو بونیـادە زەیـنی و مەعریفیانـە دەگـوترێ، کـە مرۆڤـەکان بەهۆیانـەوە و لـە ڕێگەیانەوە ڕووبەڕووی ژیـانی کۆمەڵایـەتیان دەبنـەوە. بـە بـڕوای بۆردیـۆ مرۆڤـەکان خـاوەنی زنجیرەیـەک پـلان و نەخشـەی زەیـنین، کـە دەتـوانن بەهۆیانەوە لە دنیای کۆمەڵایەتی خۆیان تێبگەن و بینرخێنن. ئەم بونیـادە زەینیــە دروســتبوویەکی مێــژووییە و خێــزان و قوتابخانــە و ژیــانی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤدا بەرجەستەی دەکەن و گەشەی پێدەدەن، بەجۆرێ کـە دەبێــتە بەشێــک لــە نائاگاییــان و لــە کــردار و هەڵبــژاردن و خــوو و ڕفتارەکانیانـدا بڕیـار دەدات و ڕنگدەداتـەوە. بـەم مانایـەش هـابیتۆس سیستەمێکی ڕێکخستن و گونجاندنە، کە لە نێوان بونیـادە کۆمەڵایەتیـەکان و کـردارە پراکتیکیـەکانی تاکەکەسـدا ناوبـژی و هاوسـەنگی دروسـتدەکات. بــەوەی کــە هــابیتۆس پرۆســەیەکی مێــژووکرد دروســتی دەکــات، ئــەوە بـەدرەنگ دەگۆڕێت؛ وەلـێ بۆگـۆڕینی هابیتۆسـی تاکـەکان باشـترین ڕێـگا بریتیـــە لـــە گـــۆڕینی بونیـــادە کۆمەڵایـــەتی و پەروەردەییـــەکان و بارگاویکردنیان بەو نرخ و بەها و ئایدیۆلۆژیانەی کە دەوڵەت مەبەستێتی. لەمباریەوە بڕوانە:
Heine Andersen(red.): Sociologi – en grundbog til et fag. Hans Reitzels Forlag, Kopenhavn 1998, p 69-70

بەگشتی لە نێوان بیست بۆ سی و پێنج ساڵدایە، هەمان گرووپە کە ڕای گشتی عەرەبی پێکدەهێنێت و لە کاتی لێدانی هاوپەیمانەکاندا و بە پشتیوانیکردنی ڕژێمی بەعس، ڕژایە سەر شەقامی پایتەختی وڵاتە عەرەبیەکان. ئەمە هەمان نەوەیە کە ئێستا و دوای ئاشکرابوون و هەڵدانەوەی سەدان گۆڕی بە کۆمەڵی، لە ڕاگەیاندنی عەرەبیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی نۆستالیژیای بەعسیزمدا. ئەمە بەشێکی هەمان گرووپیشە لە هاووڵاتیانی عێراقی، کە دوای ئەو هەموو تراژیدیایەی بەسەر کۆمەڵگاکەیدا هات، دەگەڕێتەوە بۆ شووناسێکی جەنگپەرستانە و پشێوی نانەوە و شێوازە سەرەتاییەکانی بەرگریکردنی قەبیلەیی لە دەست و پێوەندەکانی ڕژێم. ئەمە هەمان گرووپە لە هەڵپەڕین بۆ سەدام حسێنەوە دەگوازێتەوە بۆ لەخۆدان و شینگێڕی لەبەردەم بەچکە ئاخوندێکدا. ئەمە هەمان نەوەی چالاکیشە لە حیزبە سیاسییە عێراقییەکاندا، کە تا ئەم ساتەوەختە نەیتوانیوە لە ئاست کوردا خۆی لە دەسەڵاتی ئەو چەمکانە ڕزگار بکات کە پێشتر باسمکردن و لێوانلێون بەو مانایانەی بەعس پێی بەخشیون. ئەمە بەشێکی هەمان جەماوەری عەرەبییە کە بە بینینی لاشەی کوڕەکانی سەدام هەستیاریی عروبەویانەی دەخرۆشێت وکەچی لە ئاست هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵییەکانی برا عەرەب و هاو دینەکانیاندا ئەو هەستیاریە لە خەوێکی قووڵ، یان لە بێدەنگییەکی ڕەهادایە.

لە ڕاستیدا ئەم نەوەیە لە دوای داگیرکردنی کوێتەوە نەوەیەک بووە ئابڵۆقەی ئابووری و ڕۆشنبیریی سەختی لەسەر بووەو بەدوور بووە لە هەموو زانیارییەک، کە پەیوەندیان بە گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و دنیاوە هەبووە. ئەمە جگەلەوەی مەحرووم بووە لە هەموو جۆرەکانی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی هاوچەرخ. ئەگەر ئیمکانیشی بۆ ڕەخسا بێت ئەو تەکنەلۆژیایە بەکار بهێنێ، لەژێر کۆنترۆڵ و سانسۆرێکی ڕەسمیی توندا بووە و ڕاگەیاندنی مەرکەزیی ڕژێم بڕیاریداوە هاووڵاتیان چی ببینن و چی نەبینن. ئەمە بێجگە لە نەبوونی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و پرۆژەی ڕاگەیاندنی ئەهلی. وێڕای ئەمەش بەعس نەک هەر گوێی لە تەلەفۆنی ماڵان و کەسەکان دەگرت، بەڵکو پۆستخانەکانیشی کردبووە درێژکراوەی دەزگای سیخووڕی و هەواڵگری، تەنانەت پۆستخانە لە عێراقدا ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە ئاشکراکردنی پەیوەندیی هاووڵاتیانی عێراق بە کەسوکاریان لە دەرەوە و کەم پەنابەری عێراقی هەیە، باج و گومرگ و بەخشیشی بۆ کارمەندە سەختگیرەکانی پۆستخانە، لەگەڵ ئەو دیاری و دەرمان و پێویستیانەدا نەناردبێت، کە دەیناردنەوە بۆ خێزانەکەی خۆی.

جگە لە شەڕە بەردەوامەکانی لە کوردستاندا، ئەم نەوەیە ڕاپێچی سێ جەنگی یەکبەدوای یەکیش کرا: جەنگی عێراق/ئێران(1980–1988)، داگیرکردنی کوێت(1990) و

دواجار شکانی هەمیشەیی لەسەر دەستی هاوپەیمانەکان (2003). لەگەڵ دەستپێکردنی هەریەک لەم جەنگانەدا، دەزگاکانی پڕوپاگەندەی بەعس بە خستنەگەڕی گوتاری عروبەویانەی ئیسلامیانە، بە پێبەخشینی وێنەی دزێو بە دووژمنە واقیعی و وەهمییەکان و ناوبردنی ئەو جەنگانە بە (قەعقاع) و (قادسیە) و شەڕی (ئیمان) و (کوفر) و شەڕی (نەتەوەی عەرەب) و (فورسی مەجووس) و (سەهیۆنیەت) و هتد؛ مرۆڤی عێراقییان پڕدەکرد لە ئومێدی ساختەی سەرکەوتن و بردنەوە و هەستکردن بە باڵاخوازی و شەهامەت. لەکاتێکدا ئەم مرۆڤە لە دۆڕاندن و سەرکوتانەوە و کوژران زیاترهیچی دیکەی لەو جەنگانەدا بە نسیب نەدەبوو. بۆیە شتێکی ئاساییە ئەو نەوەیە لە چاوەڕوانیی هاتنی ئەو سەرکەوتنانە و خۆبینینەوەی لەناو واقیعی دۆڕانەکاندا، گرێیەکی دەروونیی سەختی بۆ دروستبووبێت، کە ئێمە نیشانەکانی ئەو گرێیە لەو حەزە زۆرەیدا بۆ تۆڵەکردنەوە و تاڵانکاری و خۆوێرانکاردندا دەبینین. تەنانەت ئەم مرۆڤە ئەوەندە هەست بە تێکشکان دەکات، کە دوای ڕووخانی ڕژێم و دەزگاکانیشی، کە چیدی ناتوانن هیچ مژدەیەکی پێببەخشن؛ سووتاندنی ماشێنێکی سەربازە ئەمەریکیەکان بە بردنەوە دادەنێت و بەدیاریانەوە سەمای سەرکەوتن دەکات...

هەموو ئەم نمونانەو چەندان نمونەی دی پێماندەڵێن: بەعس لە عێراقدا جۆرێ لە مرۆڤی پەروەردەکردووە کە هابیتۆسەکەی ڕێگەی پێنادات بە ئاسانی دەست لە ڕابردووی هەڵبگرێت و هەموو ئەو چەمک و وەسفیات و سیستەمە زاراوەییە تەڵاق بدات، کە بەعس لە بیرکردنەوەیدا بەرجەستەی کردووە و ناچاری کردووە بەهۆیانەوە «تێگەشتنێکی بەعسیانە» لەسەر دنیا بەرهەم بهێنێ. دروستکردنی ئەو نەوەیە و پەروەردەکردنی ئەو هابیتۆسە و دواجار جێهێشتنی لە «عێراقی دەروازەی خۆرهەڵاتی نیشتیمانی عەرەبی»دا، نەک هەر یەکێک بووە لە پڕۆژە درێژخایەنەکانی بەعس، بەڵکو یەکێکیشە لە دوایین موفاجەئەکانی، کە ماوەی بەدیارکەوتن و ئاشکرابوونی لەسەر عەردی واقیع؛ کەمتر نابێت لەو ماوەیەی پرۆسەی دروستبوونە ئایدیۆلۆژییەکەی خایاندوویەتی. بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە گەر وابزانین کۆتایی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا کۆتایی بەعسیزمە و پڕۆژەی لەبەعسخستنیش دەمانگەیەنێت بەو کۆتاییە، وەک هەندێ کەس بۆی دەچن.

هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە گوتاری بەعێراقیکردنەوەی کوردستان، لە ئێستادا و دوای دابڕانێکی دوازدەساڵیی مرۆڤی بەشێکی زۆری کوردستان لە حوکمی ڕاستەوخۆی بەعس؛ دەمانخاتە بەردەم چاوپۆشیکردن لەو مێژووەی کە بەعسییەکان بۆ عێراقیان بەرهەمهێنا و دەمانخاتە بەردەم فەرامۆشکردنی ئەو هابیتۆسەی بەعس لە مرۆڤی عێراقیدا خەملاندی. ئەم گوتارە نەک هەر

دەرفەتێکی ئیجابی ناخاتە بەردەمی کورد، بەڵکو ناچاریشی دەکات دەست لە هەموو ئەو دەستکەوتانەش هەڵبگرێت کە بەدابڕانی ئەم هەرێمە لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەعس، بوونە دەستکەوتی نەوەیەک، کە زۆر جیاوازە لەو نەوەیەی بەعس پەروەردەی دەکردن.

بەمجۆرەش جیاوازییەکی زەینی و میزاجی و مێنتاڵی و کولتووری لە نێوان ئەو نەوەیە و هاوتەمەنی ئەو نەوەیە لە کوردستاندا، دروستبووە؛ کەهەندێ هەلومەرجی بابەتی لە دروستکردنی ئەو جیاوازیەدا ڕۆڵیان هەبووە. یەکێک لەو هەلومەرجانە ئەوەیە کە لە ڕاپەڕینەوە مرۆڤی ناو کۆمەڵگای کوردی زیاتر لە کەشێکی بەجیهانیبووندا ژیاوە لەچاو نەوەی ژێر دەسەڵاتی بەعس. لەئاستی سیاسی و بازرگانیشدا پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە دنیای دەرەوە زیاتر بووە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر زەینی ئەندامانی کۆمەڵگا. بوارەکانی ئاڵوگۆڕ و ڕاگەیاندنی ئازاد و نیمچە ئازاد و ئەهلی و بزاڤە ڕۆشنبیریەکان، توانیویانە بەشێک لە چەپێنراوەکانی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسەت ئایین و نەریتەکاندا ئازاد بکەن. ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی ئەلکترۆنی و تەکنەلۆژیا بە ڕێژەیەکی نیسبی، لەچاو عێراقی ناوەند و خواروو، لە کوردستاندا بڵاوتر بوون. کۆمەڵگای کوردی لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆتردا بووە لەگەڵ کۆمەڵگا ئەوروپاییەکان و لەمەشدا هاتوچۆی بەردەوامی

تاراوگەکراوەکان و پەنابەرەکان؛ بەجۆرێ لەجۆرەکان ڕۆڵی خۆی بینیوە لە گواستنەوەی ڕەهەندە کولتووریەکاندا. بەتایبەتیش ئەو ڕەهەندانەی پەیوەندیان هەیە بە زەوق و سەلیقە و ئارایشی ژیانی ڕۆژانەوە. بەکورتی، وێڕای کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای کوردی، هەڕەشەی بەردەوامی ڕژێمەکانی دراوسێ، ململانێی ناشەرعی حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆ و بیرۆکراتیەتی ئیداری و زیندووبوونەوەی شێوازەکانی پەیوەندی عەشایەری و توندڕەوی ئایینی(تێزابرێژی و ئافرەتکوشتن و...)، هێشتا کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگایەکی ئارامتر بووە و مەجرای ژیانی ئاسایی لەبەردەوامیدا بووە. لەناو ئەم هەلومەرجانەشدا نەوەیەکی چاوکراوەتر گەشەی کردووە کەنەک هەر بروایەکی زیاتری بەخۆی هەیە، بەڵکو تەنانەت گرێ دەروونیەکانیشی جیاوازن لە گرێی دەروونی هاوتەمەنەکانی خۆی لە عێراقی بەعسدا. بۆنمونە ئەم نەوەیە تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازی بۆ چەمکی تۆڵەکردنەوە لە بەعسییەکان هەیە، لەچاو ڕۆژانی ڕاپەڕیندا: لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا، ئەو نەوەیەی ئێستا لە کوردستاندا تەمەنی لە نێوان بیست و پێنج بۆ چل ساڵە، بروایەکی تەقلیدیانەی هەبوو بە تۆڵەکردنەوە لە بەعسییەکان، کە ئەویش تۆڵەکردنەوە بوو بە کوشتن. کەچی لە دوای داتەپینی ڕژێم لەسەر دەستی هاوپەیمانەکان، وەکئەوەی لە چەندین دانیشتندا کە بۆمەبەستی هەڵوێست

وەرگرتن بوون لە بەعسییەکان، داوای **سزای یاسایی** بۆ دەستەندەخۆر و تاوانبارەکانی سەر بە ڕژێم دەکرد. ئەمەش لەکاتێکدا کە هەندێک لەو تاوانبارانە ڕوویان کردبۆوە کوردستان. بەهەمان شێوە، ئەگەرچی ئەم گرووپە گەورەیەی کۆمەڵگای کوردی گلەیی و ڕەخنە و نارەزایی خۆی هەیە لە هێزی هاوپەیمانەکان و چیدی بەچاوی فریادرەس تەماشایان ناکات؛ کەچی بەرگریی ئەم گرووپە کۆمەڵایەتیە لە خۆپیشاندانی هێمنانە و بەرزکردنەوەی داخوازی و دانوستانی مەدەنیانە زیاتر لە ئاست هێزی ناوبراو، تێپەڕی نەکردووە.

هەموو ئەمانە پێماندەڵێن، تێکەڵکردنەوەی ئەم دوو کولتوور و مێنتاڵیتە جیاوازە، لەناو عێراقێکی یەکگرتوودا، (کە یەکگرتووییەکەی لە بنەڕتدا میراتی ئایدیۆلۆژیای بەعسیە ڕەگەزپەرستەکانە؛ یا لەئێستادا لەڕووی سیاسی - ئیدارییەوە هەر پێناسەیەکی دیکەی بۆ بکرێت)، کارێکە خزمەت بە ئاسایشیی کۆمەڵایەتی داهاتوو ناکات.

گوتاری بە عێراقیکردنەوەی کوردستان، هەڵقوڵاوی بیروڕایەکی پتەوبێت بە یەکپارچەیی خاکی عێراق، وەکئەوەی حیزبە عێراقیەکان دەخوازن؛ یان تاکتیکێکی حیزبە کوردیەکان بێت بۆ قایمکردنی پێگەی خۆیان لە ئیدارەی داهاتووی عێراقدا، زیاتر لەوەی گوتارێک بێت بۆ پێکەوە ژیان و لەگەڵ یەکدا هەڵکردن، گوتارێکی تۆتالیتاریانە و لە بالاوە سەپاوە و هیچ بنەمایەکی

واقیعیانەی لەناو کۆمەڵگای پەرتەوازەبووی ئەم وڵاتەدا نیە. تۆتالیتاریانەیە، چونکە ئەو پێناسەیە لەبەرچاو ناگرێت کە بەعس لە ماوەی حوکمی خۆیدا بە عێراقی بەخشی و بریتیبوو لە دابڕنەکردنی عێراق لە نیشتیمانی گەورەی عەرەبی. ئەمەش هەمان تێگەیشتنە کە حیزبە عەرەبیە عێراقیەکان بڕوایان پێیەتی و پرۆژەی بەعەرەبکردنی بەراییمان بیر دەخاتەوە. ئەم گوتارە لەباڵایشەوە دەسەپێنرێت، چونکە ناهێڵێت «من»ی کوردی خۆی بێت و لە خۆیدا بێت، بەڵکو ناچاری دەکات ببێتە ئەویتر و بۆ ئەویتر بێت. ئەمەش جۆرێکی دیکەی پرۆژەی و خۆبەعەرەبکردنی بەراییمان بیر دەخاتەوە، بەتایبەتی کاتێک دەبینین و دەبیستین ئەوانەی بانگەواز بۆ بەعێراقیکردنەوەی کوردستان دەکەن، لە هەمان ئەو چین و توێژە دەسەڵاتدارەن، کە لە کۆندا خۆبەعەرەبکردنیان وەک تاقە ڕێگا چارەیەک دەبینی.

بیماریی هەتا مردن...

گوتاری بەعەرەبکردنی بەرایی و خۆبەعەرەبکردن لە ئێستای ژیانی ئێمەدا زیندوون و تەنیا دیارییەکی دەستیشیان هەمان قەفەسە ئاسنینەکەیە؛ وەلێ بەناوێکی تر و لە ژێر زەبری هەلومەرجێکی دیکەدا. لەم پێودانگەیشەوە بەعێراقیکردنەوەی کوردستان، بەخشینی نازناوێکە بە کورد کە ناتوانێت مانای کوردبوونەکەی فراوانبکات. بەڵکو بچووکی دەکاتەوە تا سنووری ڕەتکردنەوە و تواندنەوەی. لە مێژووی عێراقیشدا هەمیشە **عێراقیبوون** بۆ کورد ئەو ناسنامە سەپێنراوە بووە کە خودی کوردی شاردۆتەوە و بەتاڵیکردۆتەوە لەوەی وەک خۆی بێت و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شوناسێکی دیکە قەبووڵ بکات کە شوناسی خۆی نیە. عێراقیبوون شوناسێکە بۆکورد لەسەر حسابی

سڕینەوەی شوناسی ڕاستەقینەی کوردی و ئەمەش بۆتە هۆی بە قوربانیکردنی خودی مرۆڤی کورد بۆ ئەو نازناوەی پێیدراوە.

لە پڕۆژەی خۆبەعەرەبکردنی بەراییدا بینیمان مێژوونووسە کوردەکان لەژێر کاریگەریی پڕۆژەی بەعەرەبکردندا، ڕەچەڵەکی خۆیان و بنەماڵە و خاوەن دەسەڵاتە کوردەکانیان دەبردەوە سەر عەرەب و دەیانویست وەک عەرەب بن و لە هەمان کاتیشدا مێژووی کوردیان دەنووسییەوە. لە خۆبەعێراقیکردنەوەی نوێشدا کە پڕۆژەیەکی سیاسەتمەدارە کوردەکانە، خەبات بۆ وەدەستهێنانی داهاتووی میللەتی کورد دەکرێ وەک عێراقی و لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا تا وەک ئەوانیتر بێت. ئەم دوو پڕۆژەیە چەندە لە ڕووی زەمەنییەوە لێکدیەوە دوورن، کەچی هەردووکیان بەدەست ناکۆکیەکی دەروونییەوە دەناڵێنن و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تەماهی و لێکچوون لە نێوانیاندا دروست ببێت و ئێمە بتوانین بەهۆیانەوە باس لە بەردەوامیی بەکۆیلەبوونی «من»ی کوردی لەناو مێژوودا بکەین. ئەمە جگە لەوەی هەردووکیان لەناو ئەو بازنەیەدا دەسووڕێنەوە کە ئەویتر بەدەوری کوردا کێشاوێتی و سنووری ئازادیەکانی بۆ دەستنیشنکردووە.

ئەو ناکۆکیە دەروونیەی کە شەرم و خۆنەفیکردنەوەیەکی بەردەوامی مێژوویی بەرهەمیهێناوە

ئەوەیە: دەستەی یەکەمیان کە مێژوونووسەکانن، مێژووی کورد دەنووسنەوە دوایئەوەی ڕەچەڵەکی ئەم کائینەیان دەبردەوە سەر غەیرە کورد. لەکاتێکدا دەستەی دووەمیان شوناسی کوردبوون لەژێر زەبری شوناسێکی تردا دەشارنەوە کە تیایدا «من»ی کوردی پێناسەیەکی نیە جگە لە عێراقیبوون. سەبارەت بە دەستەی یەکەم پرسیارەکە ئەوەیە، *چۆن دەکرێ مێژوو بۆ میللەتێک بنووسرێتەوە کە تیایدا ئینکاری ڕەچەڵەکەکەی بکەین؟* ئەگەر نووسینەوەی مێژوو بریتیبێت لەبەرجەستەکردنی ئەو کردارانەی میللەتێک لە ڕێگەیانەوە شوناسی خۆی دروستکردووە، **ئایا دەکرێ مێژووی میللەتێک بنوسینەوە کە خودی ئەو میللەتە وەک بکەری مێژووەکەی نەفیکەینەوە؟**

سەبارەت بە دەستەی دووەمیش پرسیار ئەوەیە، *چۆن دەکرێ بوونی میللەتێک بسەلمێنین و بەرجەستەی بکەین، لە کاتێکدا شوناسی یەکەمی ئەو میللەتە لە شوناسێکی کوردییەوە دەگۆڕین بۆ شوناسێکی عێراقیانە* و ناوەکەی دەگۆڕین بۆ نازناوێک کە خودی ئەم نازناوە پێ ئیزافەکراوێکی نێگەتیڤە و لە نەفیکردنەوەی شوناسی یەکەم زیاتر هیچ ئیزافەیەکی ناخاتە سەر؟

لەهەردوو ئەم گوتارەدا هونەرێک ئامادەیە کە هونەری ***ڕەتکردنەوەی خود*** و هونەری ئینکارکردنی خودە وەک خودێکی سەربەخۆی جیاواز لە هەر شوناسێک کە پێیدەبەخشرێت. هەردوو ئەم گوتارانە لەسەر پرنسیپێک

کار دەکەن کە پرنسیپی «بەخودنەبوون»ی کوردە و لەهەردووکیاندا کوردبوون «بابەتێکە» بۆ نەفیکردنەوە. لەهەردووکیاندا خودبوونی کوردی دەکرێتە ئەو شتەی کە خۆی نیە و ئەمەش ئەو جۆرەیە لە بوون کە تیایدا مرۆڤ وەک ئەوەی کە خۆی هەیە، ئینکاری خۆی دەکات. لەوشوێنەشدا کە خود ئینکاری خۆی دەکات، پەیوەندییەکی خراپ لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدەهێنێ و نایەوێت خۆی بێت. ئالێرەدایە کە خود سەربەخۆیی و ئازادیی خۆی ڕەتدەکاتەوە و لەو کاتەشدا کە ئەمە دەکات، خۆی دەدۆڕێنێ، چونکە وەک کیاکەگۆرد دەڵێت: «***خودبوون ئازادیە***»[103]. خۆدۆڕاندن واتە خود نایەوێت وەکئەوەی کە لە خۆیدا هەیە ئازاد بێت و ئەمەش وادەکات خود نەتوانێت بەئازادی لەگەڵ خۆیدا لە پەیوەندیدا بێت، بۆیە دەبێتە خودێکی نائازاد و کۆیلە[104]. خودی کۆیلەش هەموو شتێکە جگە لە خۆی و ئەمەش ئەو نەخۆشییە کە دەکرێ لەسەر زمانی فەیلەسووف پێی بگوترێ «*بیماریی هەتا مردن*»[105]، بیمارییەک کە فێرمان دەکات نەمانەوێ ببینە ئەوەی کە خۆمان هەین، بەڵکو ببینە ئەوەی کە لە خۆمانمان دابڕ

[103] Arne Gron: Subjektivitet og negetivitet. Gyldendal, 1994 p. 9
[104] Arne Gron: begrebet angst hos Soren Kirkegaard. Filosofi. Gyldendal, 1993, p. 111.
[105] ناوی کتێبێکی فەیلەسووفی دانمارکی(سۆرن کیاکەگۆرد)ە: (Sygdommen til doden

دەکات و لێرەشەوە خۆمان وەدیهێنەری مەرگی خۆمان بین. بەڵام ئەو کائینە چیە کە نایەوێت خۆی بێت وەکئەوەی کە هەیە؟ بێگومان ئەمە ئەو کائینەیە کە هەموو شتێکی ترە جگە لە خۆی، جگە لە حەقیقەتی خۆی، جگە لە خودی ڕاستەقینەی خۆی، لە شوناسی خۆی. بەڵام شوناسی ڕاستەقینەی خۆی چییە جگە لەوەی خۆی وەکو کائینێکی ئازاد و سەربەخۆ و جیاواز قەبووڵ بکات؟ ئەمەیە ئەو شوناسەی کە لەئەنجامی ئەو کردارانەی دەیانکات و لە میانەیاندا ناسنامەی خۆی تازە دەکاتەوە؛ ناهێڵێت خۆی بدۆڕێنێت. ناهێڵێت خۆی لەبیر بکات و خۆی نەفی بکاتەوە لە پێناوی ئەوەی وەک ئەوانیتر بێت و ئەوانیتر لەخۆی ڕازیی بکات و لە قەفەسە ئاسنینەکە نەیەتە دەرەوە. قەفەسە ئاسنینەکە بۆ ئەو خودە نائازاد و دۆڕاوە بۆتە ماڵێکی خۆش، بەبێ ئەوەی بزانێت یان بیری بێت کە ئەو ماڵە خۆشە لەهەر ساتێکدا بۆی هەیە ببێتە دۆزەخ. لە ڕاستیشدا لەهەر شوێنێ خود وەک ئەوەی کە لەخۆی تێدەگات و ڕێز لەخۆی دەگرێت وەک ئەوەی لە خۆیدا هەست بە گەورەیی دەکات، ڕێزی لێنەگیرا و ناچارکرا شتێکی دیکە بێت جگە لەوەی بۆخۆی دەیخوازێت؛ ئەوە با ئەو شوێنە بەهەشتیش بێت؛ وەلێ خود وەک دۆزەخێک تەماشای دەکا.. عێراق بۆ کورد، بۆ نەوەی نوێ، کە دەیەوێت ڕێزی لێبگیرێت وەکئەوەی لە خۆیدا هەیە، جگە لە قەفەسێکی ئاسنین چیدیکە نیە. وەلێ خۆشبەختانە هەروەک چۆن پرۆژەی خۆبەعەرەبکردنی بەرایی زیاتر

لەوەی دیاردەیەکی گشتگرەوە بێت بۆ کۆمەڵگای ئەوسای کورد، دیاردەیەکی تایبەت بوو بە گرووپی دەسەڵاتدارە کوردەکان؛ ئاواش پرۆسەی خۆبەعێراقیکردنەوە دیاردەیەکی سەراپاگیری کۆمەڵگای کوردستانی، نیە. ڕاستە ئەم دوو دیاردەیە هەردووکیان دەلالەت لە بیماریی ویژدانی دەستەیەکی هەڵبژاردەی کۆمەڵگای ئێمە دەکەن، وەلێ بەوەدا کە خۆبەعێراقیکردنەوە هەم جۆرێکی تری خۆبەعەرەبکردنەوەی نوێیە و هەم قەفەسە ئاسنینەکەمان بیر دەخاتەوە؛ ئەوە بیمارییەکی کوشندە ترە. تەنیا شتێک خۆشحاڵمان دەکات ئەو بەرگریکردنە جەماوەرییەیە کە نایەوێت بچێتەوە ناو قەفەسە ئاسنینەکە و لێناگەڕێت کەسیش بەزۆر بەرەو ئەوێی ڕاپێچ بکات...

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەرکەسە ناونیشانی خۆی بە تەواوی بنوسێت تا نامەی هەڵەی بۆ نەیەت و نامەکانی بۆ شوێنی هەڵە نەبرێن:

ناونیشانی من:

کوردستان، هەولێرە ماست، گەڕەکی ڕاپەڕین، بەرامبەر قوتابخانەی شەنگەبێری کچان، ماڵێکی شین، لە دەرگا بدە و:

لێم مەپرسە من کێم، ئەنفال ڕابردووی سڕیمەوە،
لێم مەپرسە لە کوێم، ئەنفال لە خۆمی دزیم،
من لە ئێستادام، ڕەنگە لە ئێستادا بم،

لە ئێستادا بپەیڤم، لە ئێستادا بەردەوام بم، دەستپێکەمەوە؛

جگە لە خۆم، چ عەردێ شک نابەم تیا بژیم و تیا بمرم.

2003-6-4

2003-8-4

سەرچاوەکان بە پێی بەکارهێنانیان لەم باسەدا:

- Den engeliske patient, Lindhardt og Ringhof, 1997
- ئارشاک پۆلادیان: کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا. وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد سالّح. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2000.
- المسعودی: التنبیه والاشراف، بیروت –1981.
- عبدالرحمن شرفکندی«هەژار» (وەرگێڕ): ***قورئانی پیرۆز***. ناشرین: انتشارات تازە نگاه، نشر احسان، تهران.
- رضوان السید: ***مفاهيم الجماعات في الاسلام***(دراسات في السوسيولوجيا التاريخية للاجتماع العربي الاسلامي). بيروت 1993
- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی: (وەرگێڕان و ساخکردنەوە): ***وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق*** «فتوح سواد العراق» ، چ 1، سلێمانی 1997.
- حكيم احمد مام بكر: الكرد و بلادهم عند البلدانيين و الرحالة المسلمين (232-626هـ/846-1229م), رسالة دكتوراه، جامعة صلاح الدين، اربيل 2003م.
- د. عبدالله ابراهيم: المركزية الاسلامية، صورة الاخر في المخيال الاسلامي خلال القرون الوسطي. المركز الثقافي العربي, بيروت2001.
- ئاتین دولابوتی: سیاست اطاعت(رسالەای دربارە بردگی اختیاری. ت. علی معنوی. تهران نشر نی، 1378.
- ***یاداشتەکانی مەئمون بەگ کوڕی بێگە بەگ***. وەرگێڕانی: سەلاح نەقشبەندی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی 2002.
- واسیلی نکیتین: کورد و کوردستان. وەرگێڕانی هێدی، هەولێر 1998.
- ابن واصل: مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب. قاهرة 1953.
- الامير شرف خان البدليسي: شرفنامة. ت. محمد جميل الملااحمد الروزبياني. مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر 2001، كردستان/ اربيل.
- مەلا مەحمود بایەزیدی: داب و نەریتی کوردەکان. وەرگێڕانی د. شکریە رسول، 1982، بەغدا.
- ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: «کتێبێکی نەدۆزراوە دەربارەی مێژووی کوردستان». وەرگێڕ: عەبدوڵا مەردۆخ.گۆڤاری ڕەهەند، ژ. 8/1999.
- عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان: ڕەوشی کوردان. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریمی حیسامی، 1991، ستۆکهۆڵم.

- مێجەر نۆئیل: یاداشتەکانی مێجەر نۆئیل لە کوردستاندا. وەرگێڕانی: حسێن ئەحمەد جاف، حسێن ع. نێرگسەجاڕی بەغدا، 1984.
- مەلا عبدالکریم مدرس: یادی مەردان. بەرگی یەکەم، 1979و بەرگی دووەم، 1983، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا.
- مارتین وان برویین سن(راستییەکەی: مارتین ڤاون برۆنسن): جامعەشناسی مردم کرد(اغا، شیخ و دولت) ساختارهای اجتماعی و سیاسی کردستان. ت: ابراهیم یونسی، 1379، تهران. نشر پانیز.
- صورة الاخر: العربي ناظرا و منظورا اليه: تحرير: طاهر لبيب. مركز دراسات الوحدة العربية، 1999، بيروت.
- ڕێبوار سیوەیلی: نەتەوە و حەکایەت. سپیرێز، کوردستان/ دهۆک 2003.
- بارنز و بکر: تاریخ اندیشه اجتماعی. از جامعه ابتدایی تا جامعه جدید. ت. ج. یوسفیان و علی ا. مجیدی. جلد اول، تهران، 1358.
- ڕێبوار سیوەیلی: (ئامادەکار) مێژووی هزری کۆمەڵایەتی. زنجیرەی هزر و کۆمەڵ ژ.(2)، 2003، هەولێر.
- Politikns Forlag: Nudanskordbog I. –
13udgave, 2 oplag 1987, P. 84. –
- مهرزاد بروجردی: روشنفکران ایرانی و غرب. ت. ج. شیرازی. تهران 1378.
- حزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القومية: المنهاج الثقافي المركزي، كتاب الاول، بغداد 1977.
- نص مشروع دستور جمهورية العراقية. دار الثورة للصحافة و النشر، دون سنة الطبع.

-Heine Andersen(red.): Sociologi – en grundbog til et fag. Hans Reitzels Forlag, Kopenhavn 1998, p 69-70
- ئاراس فەتاح: "هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سڕ بۆچوون"، گۆڤاری ڕەهەند ژ. 7، 1999.
- صدام حسين: حول كتابة التاريخ. دار الحرية للطباعة، بغداد 1979.
- ميشيل عفلق: في سبيل البعث. دار الطليعة، بيروت ط. الحادية عشر، 1974.
- د. ناجي معروف: عروبة العلماء المنسوبين الي البلدان الاعجمية في بلاد الروم و الجزيرة و شهرزور و اذربايجان. الجمهورية العراقية، وزارة الثقافة، دار الحرية للطباعة 1978 ج 3.
- Arne Gron: Subjektivitet og negetivitet. Gyldendal, 1994 p. 9.
- Arne Gron: begrebet angst hos Soren Kirkegaard. Filosofi. Gyldendal, 1993